مێژووی فەلسەفە و قوناغەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ.. نووسینی: ئاراس سەعید

فەلسەفە چیە؟

ئەم کاتەک دەربارەی چیەتی فەلسەفە دەپرسین، پرسیارێکی فەلسەفیانە ئاراستەی هزرمان دەکەین، کە لە چیەتی فەلسەفە دەکۆڵینەوە. پرسیارێک کە دەروازەو پانتاییەکی فراوانمان لە بەردەم وادەکات، بۆ ڕووچوونە نێو ڕیشەو جەوهەری فەلسەفەوە. فەلسەفە هونەری پرسیارکردنە، یاخود وەڵامدانەوەی ئەو پرسە قوڵانەیە کە لەزیهنماندا درووست دەبن، لە قوناغەکانی تری بیرکردنەوەی مرۆڤدا، بەشێواز و میتۆدی ئەفسانەیی و ئایینی وەڵام دراونەتەوە.

پرسیارکردن دەبارەی چیەتی فەلسەفە، وەکو هەر پرسێکی تری ئەقڵانی پەیوستی بە میتۆدی ئەقڵانی و ژیربڕی و پشکنینکردنی ئارگومێنتە بۆ پشتراستکردنەوەی وەڵامکانمان بۆ ئارگومێنتی ئەقڵانی. فەلسەفە هونەری پرسیارکردنە، کاتێک ئەم لە چیەتی فەلسەفە دەپرسین، پرسیارێکی فەلسەفیانەمان وروژاندووە، بەیە هێندە سادەوساکارنیە، وەڵامێکی ئامادەمان بۆ ئەو پرسە فەلسەفیە هەبێت، چونکە فەلسەفە، بریتیە لەکەی ئەو پێکهاتە مێژوویەی کە مرۆڤ لە درێژەی میتۆدی ئەقڵانی و فەلسەفیانەوە، بیر لە سروشت و بوون و دیاردە نادیارەکانی جیهان دەکاتەوە. هەرچەندە فەلسەفە مێژوویەکی سەهەزار ساڵەی قوناغەکانی تەئامان و تەفکردنی ئەقڵانی مرۆڤە، فەلسەفە پانتاییەکی فراوانیش داگیردەکات لە سەرجەم کایە زانستیی و کلتووری و سیاسی و ئایینیەکانی مێژووی مرۆڤدا، بەیە سادەو ساکار نیە، بەبە میتۆدێکی مێژووی و گونجاوەوە بە ناو ئەو کۆنتێکستە مێژوویەی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە تێدا سەرهەڵدەدات و لەکەینەوە لەکەی ئەو قوناغە زیاریانەی ژیانی مرۆڤ ئەستەم لە مرۆڤ و تەئامانی مرۆڤ تێبگەین، چونکە مرۆڤ کائینێکی کەمەایەتی مێژووییە. مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ، پێویستە بەو قوناغە ژیاریانەی کە لەبەربەیانی مێژوودا مرۆڤ لەناو جەنگەڵ و دارستانەکاندا ژیاوە. بەیە مێژووی "فەلسەفە" بریتیە لە کەی ئەو میراتە مێژووییەی تەئامان و تەفکرنی باوبپیرانمان دەربارەی جیهان

و سروشت و بوون، ئەمش فاکتەرکە، کە نەتوانین پەناسەیەکی گشتگیر و سەرتاپاگیر بۆ فەلسەفە بکەین، چونکە فەلسەفە پانتاییەکەی مژوویی لە بیرکردنەوەی مرۆڤ داگیرکردووە، کاتێک لە چیەتی فەلسەفە دەپرسین، پرسیار دەکەین لەبارەی کەی ئەو پەسەسە مژوویەی قەناغی بیرکردنەوەی مرۆڤ، هەر ئەمش هەکارە، کە هەر فیلەسوفێک لە گۆشەنیگای جیاوازەوە پەناسەی فەلسەفەی کردووە. ئەمە بۆ میتۆدی مژوویی دەست بۆ توژینەوەکەمان دەکەین بۆ ئەوەی نکۆنە نەو دگمی مژووەوە.

فەلسەفە وشەیەکی یونانییە، (یونان)ی بوونی فەلسەفە ئەو مەفهوومە ناگەیەنێت کە فەلسەفە، موڵکی یونانییەکانە، بەڵکو گوزارشتە لە هاوتەریبوونی فەلسەفە لەگەڵ شاردا. نیشتمانی فەلسەفە شارە، چونکە شار شوێنی بەیەک گەشتن و پێکدادانی کلتوور و ترادسیۆن و بیرکردنەوە جیاوازەکانە، بەڵام جگە لە یونان شارستانیەتی(نیل و میزۆپۆتامیا و هیندستان و چین) لانکەی سەرهەڵدانی پرسی فەلسەفیانەبوون، ڕەنگە بپرسین بۆچی فەلسەفە لە یونانداا گەشەیکرد، دواتر وەڵامی ئەم پرسیارە دەدینەوە. ئێستا با بزانین (فەلسەفە) چیە؟

فەلسەفە(philosophy) زاراوەیەکی لەکدراوی یونانییە، لەدوو بەش پێکهاتووە(فیلە)ربەواتای خۆشەویشتی و (سۆفیا)بەواتایی دانایی دێت. هەردوو زاراوەکە بەواتای خۆشەویستی بە دانایی دێت. ⋆ یەکەمین کەس ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە (فیساگۆرس) بووە، ئەمش لەکاتێکدا لە دەپرسن تۆ کەسێکی دانایت دەڵێت:(نەخێر من کەسێکی دانا دەستم.) کەواتە: فەلسەفە خۆشەویستەیە بە دانایی. ئەگەر فەلسەفە خۆشەویستی بێت بە دانایی. فەیلەسووف یان فەلسەفکار ئەوکەسەیە کە تینوی زانینە. فەیلەسووف ئەوکەسەیە کە زانایە بە نەزانین و تێنوی زانینە. وەکو "سوکرات" دەڵێت؛" من دەزانم، کە نازانم". هەرچەندە فەلسەفە بابەتێکی فرەهەندە و ناتوانرێت پەناسەیەکی گشتی بە بکرێت، بەڵام لە دیدی منەوە(فەلسەفە لە گشتایەتی خۆیدا هونەری پرسیارکردن و تاقیکردنەوەی شتەکانە، لە ڕگەی ڕامان و بیرکردنەوە بە گەیشتن و دەزینەوەی فاکتە شاراوەکان). وەکو سوکرات دەڵێت:" ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە واتایی ژیانی نیە". واتا ئەو ژیانە ساختەیەی کە لەسەر بونیادی ترادسیۆن و زانیاریە ساختەکان بونیادنراوە پەویستە تاقیبکرێتەوە لە ڕگەی نەشتەری ڕەخنەوە شیبکرێتەوە. فەلسەفە فرەهەندە و پەیوەستە بەو کۆنتەکستە مژوویەی ژیانی مرۆڤەوە کە تێدا ژیاون و

بیرکردنەوەیان پەیوەستە بەو فاکتە کۆمەڵایەتیانەوە. هەرکات بەر چەمکی مێژووی فەلسەفە دەکەوین، ئاستەوخۆ ئاوێز و بیرکردنەوەمان دەچێتەوە بەڵای مێژووی (گریک) شارستانیەتی یۆنان. ئەویش بەهۆی ئەوەی بۆیەکەمین جار ئەرستۆ لۆکتەبی میتافیزیک ئاماژەیی بە "تاڵیسی ماڵتایی" کردووە، کە وەکو یەکەمین فەیلەسوف لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەناسرێت و زۆربەی فەیلەسوفان کۆکن لەسەر ئەوەی فەلسەفە لە تاڵیسەوە دەست پێدەکات. بەڵام ئەمە ناکۆکنە ژێرجەبر و کاریگەری دەگمانەی مێژووەوە. (تاڵیسی ماڵتایی) جەختکردنەوە نیە، لەسەر بە یۆنانی کردنی (تاڵیس)، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چیتر بەشێوەیەکی نوێ بیری لەسروشت کردۆتەوە جیاواز لە بیرکردنەوەی (میتۆلۆژیا و میتۆس).★بۆیە سەرچاوە مێژووییەکان تاڵیس (585) زاینی ژیاوە. بەمانایەکی دی لەو ساڵەدا بیرکردنەوەی فەلسەفیانە لەیۆنان سەری هەڵداوە. بەڵام شتێکی ئاشکرایەو ئارگومێنتە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن. فەلسەفە لە پێش تاڵیسەوە، لە ناوچەکانی تری جیهاندا دەبینرێت، بۆ ئەمەش گەلێک ئارگومێنت لە ئاردان، کە هۆنی دەکەنەوە ئەو بیرکردنەوە فەلسەفیانەی لەیۆناندا باوبوون، لەناوچەکانی تردا هەبوون. یاخود هاوشانی یۆنانیەکان سەری هەڵداوە، وەکو مەبەندەکانی خەرهەڵاتی لە (هیند و چین و میسر و بابل و ئێرانیەکان). ئەگەر (تاڵیس ساڵی 585 پ ز) ژیابێت، ئەوا بوودا ساڵی (500 پ ز) و، کۆنفۆشویس (550پ ز) و، زەردەشت ساڵی (550) ژیاون. بەڵام لەڕدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە، بۆچی "فەلسەفە" لە لەشارستانیەتەکانی تردا لە گۆشەکردن وەستاو، لە یۆناندا گەشتە لووتکە. بەهۆی بوونی چەمکی هەخنەوە لە یۆناندا، چونکە هەخنە یارمەتی هەوشاندنەوەو ئاشکراکردنی کەموکورتیەکانمان دەدات لە بیرکردنەوەماندا. هەکارێکی تر بوونی ئازادییە، فەلسەفە هاوتەریبە لەگەڵ ئازادی و هەرنیشتمانێک ئازادی تێدا نەبێت، فەلسەفە تێدا ناژیت. ئاشکراشە، کە یۆنان شوێنی لە دایکبوونی دیمیوکراسیە. هەکارێکی تر، بەهۆی تێنەپەڕاندنی دەگمەکانی ئایین و نەبوونی ئازادی لەناو گەلانی تردا، بەراورد بەشارستانیەتی یۆنان. شتێکی ئاشکراشە، فەلسەفە هەمیشە یەکانگیرە لەگەڵ ئازادی و لە ژینگەیەک نامێنتەوە ئازادی بە هەخنەگرتن و بیرکردنەوە فەراهەم نەکات.

دوو: هزرینە پێش فەلسەفیەکان

مێژووی قۆناغەکانی هزری مرۆڤ، لە پەیوەندیەکی چڕدا یەکتری تەواودەکەن و هەر قۆناغێک تەواوکەری قۆناغی پێشخۆیەتی، ئەمە

بۆچوونەکانی مارکس دەربارەی زانیاری ئەمڕۆ و دەبێت لە قۆناغەکانی پێشخستنی مرۆڤایەتی دا

ئەگەر بە وردی سەرنجی بۆچوونەکانی مارکس بدەین، دەبینین کە ئەو بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونی ئەرێنی هەبووە بەرامبەر بە زانیاری و بەرهەمهێنانی زانیاری. مارکس بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە زانیاری دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زانیاری بەتەنها بەس نییە بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵکو پێویستی بە بەکارهێنانی کارا و بەرهەمهێنانی زانیاری هەیە.

مارکس لە بۆچوونەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە زانیاری دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زانیاری بەتەنها بەس نییە بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. مارکس پێی وایە کە زانیاری دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکات

بەشێوەیەک هەکاری هودانی دیاردەکان دەبەستێتەوە بەهۆزەکی نادیارەوە.)

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بریتیە لە چیرۆکێک لەبارەی خودا یان بوونەوەرێکی ئەفسانەیی لە بارەی سەرچاوەی جیهان. یان سەرچاوەی جیهان چیە و میتۆلۆژیا دەپرسی شتەکان بۆچی وان. وەکو: (مار بۆچی دەستی نیە، یان فڕان بونەوەر بۆچی وایە.) لە کتێبی پەیمانی کۆندا بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پرسە دراوەتەوە، "کاتێک شەیتان دەچێتە بەهەشت بۆ فریودانی حەوا، لەشێوەی مار دێیشت، بۆیە خودا بڕیاری دا تا جیهان ماوە بۆ دەست و لاق بێ". ئەفسانەکان خاڵین لە (کات و شوێن) ئەوەش فاکتەرێکە کە ئەفسانەکان لەنا و گەلانی جیهاندا دووبارە دەبنەوەو گەلانی جیهان هاوبەشن لە ئەفسانەکاندا، بۆنمونە، ئەفسانەی باوک کوژی، لە کلتووری یۆنانیدا ئەفسانەی ئەدیبمان بەرچاو دەکەوێت، لە شارستانیەتی دووئاوانیش دێستەم و زەراب. "ئلیکساندەر گەرەقیسکی" لە کتێبی نهێنی کۆنترین مێژوودا، ئەوەی بە ونکردووینەتەوە کە ئەفسانەکان لە کلتووری زەربەی گەلانی جیهاندا دووبارە دەبنەوە، وەکو هوواوی لافاوە مەزنەکە، یان ئەفسانەی ئادەم و حەواو...هتد

میتۆلۆژیا لە شەوازی بیرکردنەوەی ئایینیەوە نزیکەو زۆرجار چەدبنەوەو لەهەندێک شوێنیش دەکشێن. ئەفسانەکان بەشێکین لەو چرکە ساتەی کەمرەف لۆژیانی خۆیدا بە کەشفکردنی هوواوەکان پشتی بەستووە بە هۆزە نادیارەکانی دەرەوەی سرووشت، یان درووستکردنی هۆزێک لەسرووی هۆزی مرۆڤەوە. بەشێکی زۆری داستان و ئەفسانەکان بەسەر دوالیزمەی خێر و شەدا دابەشبوون. بۆ نمونە داستانی سیمیرخ کەخواوەندی خێربوو. لەهەندێک ناوچەی تریش خوداوەندنی شێ. مرۆڤ لۆژیانی خۆیدا لەو شتانەی ترساوە قوربانی بۆ داوەو لەگەڵی ئەفسانە هۆنینەوە پێرەزی کردوون. بۆ ئەوەی ئەفسانە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئایینی تێکەڵ نەکەین، لەبەشی داواتردا لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین، چونکە (ئەفسانەو ئایین) لە زۆر شوێندا هەندێ چەدبنەوە، کە ئێستە لە یەکتری جودایان بکەینەوە.

*** بیرکردنەوەی ئایینی:**

تیۆریی ئیپستەمۆلۆژیا سەرچاوەکانی زانینی میتۆلۆژی و ئایینی لەکجودا دەکاتەوە، چونکە ئایین و میتۆلۆژیا لەشکڵدا لە یەکتری دەچن و لەناوەکیشدا چەدبنەوە، بەڵام هەریەکەکیان لەناو شەوازەکانی بەرهەمهێنان و قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤایەتی

سەردەکان، کە هیچیان سەردەمە تاریکەکانی جۆن نەهێشتووە. ئەگەر لە قۆناغی میتۆلۆژیادا بیرکردنەوەی مرۆڤ لەناو خودی سروشت و جیهاندا هاوستابێت، ئەوا بیرکردنەوەی ئایینی سنورەکانی زەوی و جیهان بەجێ دەهێڵێت، ئەگەر لەخۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ لە قۆناغی میتۆلۆژیادا وێناکردنی مرۆڤ بێت بە چەنێتی دەستات باباکانی سەرووی خۆی، لەسەرتایی بیرکردنەوەی ئایینیدا هەمان شێوازی بیرکردنەوەو بەرهەمهێنان جیاوازە. چونکە لەقۆناغی میتۆلۆژیدا، وێناکردن و بیرکردنەوەی ناو زەینی مرۆڤ بە هاوتەریبوون لەگەڵ قۆناغەکانی ژیاندا وێنایی کردووەو بیری لەکردوونەتەوەو ئەفسانەو داستانی بەرهەمناوە، بەڵام بیرکردنەوەی ئایینی باوەڕهێنانە لەسەر بنەمایی گۆڕکردنی پانتاییەکی پیرۆز و بچوکردنەوەی خود. واتا پێوەندی (مرۆڤ و خودا).

لەگەڵ گەشانی شێوازەکانی بەرهەمهێناندا، ئایینە ئیبراهیمیەکانیش پەیدابوون. ئەمەش پێوەندیەکانی مرۆڤ لەجیهانی خێوەڵ پەڕاندەوە بە میتافیزیک و جیهانی ئۆپەڕە سروشتی. لەرەوە دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان زانینی میتۆلۆژیا وەکو زانینێکی زەمینی ناسراوە و زانینی ئایینی وەکو زانینێکی ئاسمانی ناسراوە. ئایین جگە لەوەی قۆناغێکی تایبەتە لەبیرکردنەوەی مرۆڤ و بەخستنی توانا زەینیەکانی لەچوارچێوەی میتافیزیکدا، کەچی بەگوزەکی میتۆلۆژیی تەدایە، چونکە مژوو نووسان کەکن لەسەر ئەوەی کاتێک بە دوورترین مژووی پنتی شارستانیەتکان بەوانین، لە هەموو شارستانیەتێک ئایین ئامادەگی هەیە. بەیە ئایین و میتۆلۆژیا زۆر چۆن و لە هەندێک قۆناغدا هاوتەریبن و نزیک دەبنەوە، کە ئەستەمە جودای بکەینەوە، بەڵام تیۆریی ئیپستەمۆلۆژیی هاوکارمانە، کە لە میتۆدەکانی زانین دەکۆڵینەوە. لەدیدی منەوە، جیاوازی ئایین و میتۆلۆژیا لەسەر دووشت وەستاوە. یەکەم میتۆلۆژیا وێناکردنی زەینی مرۆڤە، کە وێنانی شتەکانی دەوبەری دەکات. بەڵام میتۆدی ئایینی لەسەر بنەمای باوەڕهێنان بە خودایەک ڕاوەستاوە. هەرچەندە چەمکی خودا زادەو وێناکردنی ناو زیهنی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام ئایین کاتێک پێوەندیەکانی لەسەر بنەمایی باوەڕهێنان دەچەسپێت، چیتر وردبوونەوەو تەخنەو تەڕامان دەبنە تاپۆ. مرۆڤ لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانیدا، توانایی تەڕمانی ئەوەندە بووە، دیاردە و هەکاری ڕووداوی شتەکانی گەڕاندەتەوە بە هەزەکی نادیار. ئەو شتانەی تووشی فەبیاو واقوڕمانی کردووە، قوربانی بە داون پەرستوونی. بە تێگەشتنی زیاتر لە قۆناغی بیرکردنەوەی ئایینی و چرکەساتی دروستکردنی خودا زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ڕادەوستین.

ئایینی تەوتەمی:

تەوتەمیزم بە یەکەمین سیستەمی ئایینی دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتی. تەوتەمیەت سیستەمکی ئایینی و خێڵایەتیە، واتا ئایینی گروپە سەرەتاییەکانە کە ژیانی دوونیایی خۆیان لەسەر ڕێکخستووە. زانستی ئەنتڕۆپۆلۆژیا، فاکتەری پەرستنی تەوتەم دەگێڕنەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنان و ژیاری سەرەتایی مرۆڤ. بۆیە قۆناغە مێژووییەکانی ژیانی مرۆڤ، قۆناغی دارستان یەکەمین قۆناغی ژیاری مرۆڤ، باوباپیرانی ئێمە لە جەنگەڵکاندا ژیاون و بە بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان پشتیان بە کەرکردنەوەی سەرەتایی و ڕاوکردن بەستووە. مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی مەترسیان لە دیاردەو شتەکانی دەوروبەریان ئەو دیاردانەی لیان ترساون بەتەوتەم گرتوویانە و پەرستویانە. زیاتر ئاژەڵی دەندە یان ڕووەک بەتەوتەم گیراوە. ڕوونە مرۆڤ بە هۆی توانایی زانەبوونی بەسەر سروشتدا، ئەو هێزانەی دەوربەری کە لێیان ترساوە، قوربانی بە داون و پەرستووە. تەوتەم خودای گروپەسەرەتاییەکان بووە، کە پێیان وابووە دەتوانن "مانایی" لەوربگرنەوە. واتا هێزی خودایی، هێز لەتەوتەمکە وەردەگرنەوە. داتاشینی خودا بەرهەمی ئەو شێوازیە لە ژیان و بەرهەمهێنان و بۆیە قۆناغە ژیاریەکانیش دەگۆڕین. بە نمونە لە دەڤی میزۆپۆتامیا خوداوەندی دایک پەرستراوە، ئەوەش بەهۆی شێوازی بەرهەمهێنانەوە کە دایک خولقێنەر بووەو وەچەی بەخستوونەتەوە.

مرۆڤ چۆن خودای درووستکرد:

(خودا مرۆڤ درووستناکات، ئەوە مرۆڤە خودا دروستدەکات)

کارڵ مارکس

ئەم تێۆرینەوەیە بە میتۆدێکی ماتریالیزم نوسراوەتەوەتەوە و هەوڵمداوە، لە فاکتە دەرکیەکانی مێژووەوە، خوێندنەوە بۆبابەتەکان بکەین. لێکۆڵینەوە ئەقڵانیەکانی مرۆڤ دابەشدەبن بەسەر دوو جەر لێکۆڵینەوە(زانستی و فەلسەفی) لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان بە میتۆد و تیۆرێکی گەردوونی لە بابەتگشتیەکانی وەکو (بوون، جیهان، سروشت، مرۆڤ، عەدالەت) دەکۆڵێتەوە. هەروەها کاری زانست، بریتیە لە لێکۆڵینەوەی تاکایەتی، بە دروستکردنی ڕیسا و میتۆدێک بۆ گریمانەکردنی ئەنجامەکانمان و کۆنترۆڵکردنی شتەکان. بەڵام مرۆڤ وەکو سوبێکت، ناچێتە ژێر میتۆدی زانستیی و گشتیەوە، بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە شوناسی مرۆڤ ئاشکرادەبێت. مرۆڤ ئەبەکتیفی

زمانە، وەکو ئارەنت دەڵێت: "زمان ئامرازێکە بۆ ئاشکراکردنی شوناسی مرۆڤ"، زمان جگە لەوەی ئامرازێکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان تاکەکان، ئامرازێکە بۆ ئاشکراکردنی ئەو فاکتەرە ئیستاقینانەی، کە لەپشت هەڤتاری مرۆڤدا خەیان شاردۆتەوە. زمان یارمەتی پەرسەی دیالەکتیک دەدات لەنێوان (زیهن و خود) سەبجەکت و ئەبجەکت. بەیە لەم تەوژینەوەدا دگەنەوە بۆ ئەو فاکتەرە مژویانەی خودای تێدا دروست دەبێ لەزیهنی مرۆڤدا، وە لەناو زماندا ئەو فاکتانە دەدزنەوە، کە خودا وەکو ئەبجەکتی زیهینی مرۆڤ بۆ میتەدەکی ماتیالیزمی ئاشکرا دەکەین، چونکە مژوونوس توانای دەزینەوەی فاکتە ئیستاقینەکانی مژووی نیە، کە لەپشت کردەی مرۆڤکانەوە خەی شاردۆتەوە، بەڵکو دیالەکتیک و زمان هاوکارن بۆ دەزینەوەی فاکتەکان بۆ هاوکاریی میتەدی ئابووری و سەسەلەجی و مژوویی.

ئارگەمێنتە مژوویەکان ئەوەمان بۆ پشت ئیستەکەنەوە، کە مرۆڤی سەرەتایی سەرەتا لە جەنگەڵ و دارستانەکاندا ژیاون و بۆ پەکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان پشتیان بە سرووشت و جەنگەڵ بەستووە. بەڵام بەهەی لاوازی مرۆڤ بەرانبەر سروشت و شتەکانی دەوروبەریەوە، بۆگشتی کاتێک مرۆڤ درکی بەجیهان و شتەکانی دەوروبەری کردووە تووشی واقوڕمان و ترس بووە، کەبە توانایە بەرانبەر هێزە سروشتیەکان، بەیە پەنای بردووە بۆ دروستکردنی هێزکی باڵاتر لە؟خەی ئەویش دروستکردنی خودایە.

"دیقد هیۆم" فەیلەسوفی ئەزموونگەرایی سەربارەت بە ئادیای زگماک دەڵێت: (هیچ ئادیایەکی زگماک بوونی نیە، بەڵکو هەموو زانیاریەکانی مرۆڤ، لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوەیە)، وەکو ئەزموونگەراکان دەڵێن:(زیهنی مرۆڤ وەکو کاغەزکی سپی وایە، لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە زانیاریەکان تۆمار دەکات). ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە خودا هیچ نیە، جگە لە ئەزموون و زادەی ئەو شیوازی زیاریەی کە مرۆڤ لە قۆناغکی مژوویدا ژیاوە. "فەیەر باخ" گوتەنی:(ئەگەر مرۆڤکان باڵیان هەبوایە، باڵیان بە خوداکانیان دروست دەکرد). کەواتە خودا وێناکردن و ئەزموونکردنی خودی مرۆڤ لەگەڵ دەروبەرو جیهاندا. مرۆڤی سەرەتایی ئەو شتانەی بەتەوتەم گرتوون، کە ڕۆژانە بەری کەوتوون، وەکو ترسان لە ئاژەڵی دەندە و کارەساتی سروشتی و هەور و بارانیان کردووە بەتەوتەمی گروپەکیان. لەڕەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە پەیدابوونی خودا لەزیهینی مرۆڤدا، ئایدیایەکی پێشینی نیە، بەڵکو لە ڕێگەی

ئەزموونکردنی شتەکانەوە، لەیادگەیدا ماونەتەوە و فەرمی خودایان لە داتاشیوە. بۆنموونە: فریشتە لە ئاینە ئاسمانیەکاندا، تەکنیکێکە لە ئایدیا ئەزموونکراوەکانی مرۆڤ، وەکو بونەوەرێکی باڵدار و پیاوێکی گەورە و هەموو ئەم زانیارییانەی لە پشودا ئەزموونکردووە.

ناو و فەرمی خودا، بریتیە لە ئەبەکجێتیڤی زیهنی مرۆڤ، مرۆڤ خوداکان بەو شێوە بەرهەم دەهێنی، کە لەزیهینی خۆیدا هەن. بەیە بوونی خوداکان لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. لە ناوچەکانی دەڤی دوو ئاوان و سۆمەریەکان، خودای دایک پەرستراوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو چرکەساتەدا، پێویستی بە نەوەخستنەوە بووە، بە کاری کشتوکاڵ، کەچی لە میسر خودای خۆر و لە ئەفریقا تەوتەم و وەک. دواتریش خودایی ئایینە ئیبراهیمیەکان، کە سیفەتەکانی هەمان ئایدیا پێشینیەکانی زیهنی مرۆڤن. وەکو: ناوەکانی خودا لە قورئانی ئیسلام. گۆزنەڤن دەڵێت؛ (حەبەشیەکان خوداکانیان لەسەر فەرمی خۆیان دروستدەکرد، خوداکانیان لووتیان گەورە و ڕوخساریان پانبوو، ئەگەر ئاژەڵەکانیش خودایان دروستبکردایە لەسەر فەرمی خۆیان دروستیان دەکرد). مرۆڤ لەقۆناغی سەرەتایی ژیاندا، بەهۆی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەرستە و شمەکە ساکارەکانی سروشت و شێوازی ماتریاڵی و چۆنێتی ژیانی خۆی، خوداکانی لەزیهینی خۆیدا بەرهەمهێناون.

مرۆڤ لەبەر ئەوەی کاهینکی کەمایەتیە و بە گاڵی دەژین، خوداکانیان وەکو ڕەزی بەخش و هێز و توانایی گروپەکیان تەماشاکردووە، وەکو کەمەگایی تەوتەمیزم، ئەمش وەکو نریتکی بەماوەیی گوازراوەتەوە بە نەوەکانی ئایندەش.

ئایین نەرتکی کەمایەتی بەماوەیە، کە پێوەندی نێوان هێزکی باڵاو و مرۆڤ، کە مرۆڤ دروستی دەکات بۆ پاراستن و دورخستنەوەی مەترسیەکانی لەخۆی. هەروەها ئایین ئامازکی کەمایەتیە بۆ دروستکردنی پێوەندیە کەمایەتیەکان.ئایینەکان چیرکەکی ئەفسانەین، کە دەرهاویشتەی زیهنی مرۆڤکانن، کە پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانیانەوە هەیە. بۆ نمونە: هیندیوسورەکان لە حەوزەکانی ئەمازن، بە پەکردنەوەی پەداویستیەکانیان پشتیان بە ئاوشکار و کەکردنەوەی خەراک لەناو جەنگەڵەکان بەستووە. وەکو جۆن کریچەر دەڵێت؛ (هیندیە سورەکان باوەڕیان بە ژیانی دوای مەرگ هەبووە، بەڵام لەدیدی ئەمانەوە چیرکەکە جیاوازە، ئەوان پیانوابووە، مرۆڤ دوایی مەرگ، زیندووبێتەوە بۆنەمری لەجەنگەڵدا دژیت و دەستدەکات

بۆ ئەوەی کەرتبکرێتەوە. بەڵام مەسیحیەکان، کە باوەڕیان وایە، مردن لەدوای مردن دەچێتە بەهەشت و لە پەرداخی زێڕدا شەراب دەخواتەوە و بەهەشتەکیان پڕە لە کەشک و تەلاری زێڕین.

یەقان نوح گوتەنی؛ (ئایین دروستکردنی چیرۆکەکە، کە هەر گروپێک بەشێوازێک دروستیکردووە و هەریەکەیان دەیەوێت قەناعەت بەوانی تر بهێنێت، کە چیرۆکەکەی خۆی تەواوە) زەربەی جەنگی ئایینیەکان لە ئەنجامی باوەڕهێنانی یەکتری بە چیرۆکە جیاوازەکانەوە خۆقاوە. بەنمونە لە کەتاییەکانی لەسەدەی چواردەهەمدا، کاتێک ئەمریکا دەزرایەوە لەلایەن پورتوگالیەکان و ئیسپانیەکانەوە. مەسیحیەکان نەیانتوانی باوەڕ بە هیندیە سورەکان بهێنن، کە لە ژیانی دوای مردن لەکەشک و قیلای زێڕیندا شەراب و گۆشتی برژاو دەخوات، چونکە ئەوان چیرۆکێکی تریان بۆخۆیان دروستکردبوو، کە جیاوازبوو لەوەی ئەوان و پەیوەندی بەژیانی ماتیالی ئەوانەوە نەبووە. هیندیە سورەکان نەیان دەزانی پەرداخی زێڕ و قیلا چیە.

ئایین نەریتێکی کۆمەڵایەتیە، کە مرۆڤەکان خۆیان دروستی دەکەن. بەڵام ئەم نەریتە لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و دەزینەوەی کشتوکاڵدا، دەبێتە ئامرازێک بۆ فریودان و ڕامکردنی مرۆڤەکان. لە ئایینی مەسیحیدا چیتر پاشا دەبووە نوێنەری خودا و دەبوو هەمووان گوێایەڵی بکەن، لە ئایینی ئیسلامیشدا پاشا وەلی ئەمرێ و لادان و گوێایەڵ نەبوونی تاوانە. ئایینە ئاسمانیەکان هەڵخودیەکانی مرۆڤ دەچەپێنی و وابەستەیی دەکات بەباوەڕهێنان بەشتێکی نادیارەوە و بانگی مرۆڤ دەکات بۆ پشتگوێ خستنی ژیان و ماددە، لەکاتێکدا دروستبوونی ئایینەکان ئەبجێکتی شێوازەکانی بەرهەمهێنانەو هەندێکی ماتیالیزمیە، بەڵام ئایین وەکو ئامرازێک مرۆڤی نامەڕووستدەکات لە هەڵخودیەکانی خۆی و کار لەسەر ڕەخستنی ژیان و کەمڵگا ناکات. ماکس ڤێبەر دەڵێت:(ئایینە ئاسمانییەکان، تەنها جێخت لەژیانی دوای مردن دەکاتەوە، چونکە توانایی ڕەخستنی دوونیایی نیە).

*** بیرکردنەوەی فەلسەفی:**

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆدا قەناعەکانی مرۆڤووی بیرکردنەوەی مرۆڤ تەواوکەری یەکترن، نەک وەکو دووبارەکردنەوەی هەمان قەناع، بەڵکو بۆپە ئەو گومانانەی لەشێوازی ژیان و تیفکرینی مرۆڤدا ڕووددات بیرکردنەوەی مرۆڤیش گومانی بەسەردا دێت، وەکو ئاماژەمان پێدا مرۆڤووی بیرکردنەوەی مرۆڤ تەنها درێژە پێدانی

قناغکەی نیە، بەڵکو دەبێت داشی بێت. لە قەناغی "فەلسەفەدا" سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانینی مرۆڤ پشت بە میتۆدی ئایینی و تیۆلۆژیی نابەستێت. واتا مرۆڤ جگە لە(وێناکردن و باوەڕهێنان) بەشێوازێکی تر، درێژە بەچالاکییە هزرییەکانی دەدات. ئەقڵ (ئاوەز) ی مرۆڤ، پرسیاردەکات و هەڵدەستێت و لە ڕێگەی تێڕامان و بیرکردنەوە لە سروشت و دیاردەکان و بوون و مەرگ، دەکەوێتەوە.

دووبارە پێویستە میتۆدی ئیپستەمۆلۆژیا هاوکارمان بێت، لە لێکۆڵینەوە لەو قەناغەی کە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە دەتەئاراوە، تا بزانین سەرچاوەکانی زانینی مرۆڤ پشت بەچی دەبەستێت لەم قەناغەدا. پێش هەموو شتێک پێویستە ئەمە لە چەمکی لۆگۆس تێبگەین، تا بەرچاومان ڕونتر بێتەوە بە ئاسانی لە فەلسەفە و میتۆدی فەلسەفی تێبگەین.

ئۆگەر بگەڕێنەوە بۆ نێو دونیایی فیکر و فەلسەفە، لە ئەنجامی کارلێکی دووچەمکەدا، داهێنانی فەلسەفی گەورە و فەرهەنگی دەروشاوە بەرهەمهاتووە. یەکەم چەمکی (میتۆس یان میتۆلۆژیایە) لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد. دووەم چەمکی (لۆگۆس)ە، لۆگۆس زاراوەیەکی یۆنانیە، بەواتایی، هزر یان ئاوەز دێت، لەزمانی عەرەبیدا بەوشەی (نطق) نوکراوەتەوە. (د.هەبەری محمود زادە) سەبارەت بە وشەی لۆگۆس دەڵێت؛ " لۆگۆس لەهێندی وشە دەبەتەوە لەزمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (لاجیک) یان(لۆجیک). هەروەها دەڵێت؛ ئەو تەرمانەی کەتای پاشگری لۆجی دێت وەکو؛ (ئیپستەمۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی) لەزاراوەی لۆگۆس، ئاوەزەوە وەرگیراوە. (لۆگۆس) چەشنەکی تایبەت لەبیرکردنەوەیە دەربارەی جیهان، کە هەوداوەکان و دیاردەکان لە؟چوارچێوەی سروشتی هزر و لەژیکدا تەتەڵە دەکات. "تەتەڵەکردن" بریتیە لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەمرۆڤ لەقەناغە سەرەتاییەکانی هزردا ورژاندوێتی. بەشێوەیەکی تر بریتیە لەوەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی بە (بۆ) یان(بۆچی) دەست پێدەکەن. کەواتە مرۆڤ لەم قەناغەدا سەرچاوەکانی زانینی لەڕێگەی بیرکردنەوەیە، بەڵام مرۆڤ بە ئەوەی بتوانێت بە ئەنجامەکی ئەقڵانی بگات پێویستە ئەقڵی جەڵوبکرێت. یۆنانیەکان بە جەڵوکردنی ئەقڵ، زانستەکیان داهێنا بەناوی لەژیکەوە. لەم قەناغەدا مرۆڤ بە وەڵامی پرسیارەکانی پشت بەدیاردە نادیارەکان و پاڵەوان و خودا نابەستێت، بەڵکو دەست دەکات بەچالاکی هزری و بیردەکاتەوە هاوەڵدا ئارگومێنت بە وەڵامەکانی بهێنێتەوە، کە تێنووتی ئاوەزی بشکێنێت فەلسەفە ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ درێژە بە

بیرکردنەوەو دەدات لە ڕۆگەی چالاکی لەگەڵەو، ئەم شەوازەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی بەرهەمی نوێ ی و جیاواز، لە قۆناغەکانی هزری مرۆڤدا. نامۆیەت زۆر لەسەر ئەم قۆناغە بوەستین، لە بەشی کۆتایی دا زیاتر لەسەری دەوەستین و درێژە بەتوێژینەوەکەمان دەدەین. پاش ئەوەی بەکورتی باسی بیرکردنەوەی زانستیانە دەکەین. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، فەلسەفە یەکەمین قۆناغی بیرکردنەوەی ئەقڵانی مرۆڤ، کە بە دایکی هەموو زانستەکان دادەنرێت و زۆرجاریش فەلسەفەو زانست لە پێوەندی چوپەدان و زۆرجاریش لەیەکتری دوور دەکەونەوە.

بیرکردنەوەی زانستی:

لەم قۆناغەدا بیرکردنەوەی مرۆڤ زیاتر گەشەیکرد، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی زانستی ماتماتیک و ئەستێرەناسی ...هتد. مرۆڤ لەم قۆناغەدا پشت بەمیتۆدی زانستی دەبەستێت، ئەویش لە ڕۆگەی تاقیکردنەوەی شتەکانەوە ڕەساو میتۆدێک دروووست دەکات بە توێژینەوەو کەنتڕۆڵکردنی شتەکان لەڕۆگەی تیۆریاوە. بە نمونە، مرۆڤ لەکۆمینەوە لە ماددیەک دەکات، کاتێک لەتاقیگەکانی زانستدا ئاسن دەکاتە ژێر تاقیکردنەوە بۆی دەردەکەوێت ئاسن بەهۆی گەرمکردنەوە دەکشێت. زانست تیۆریا دادەڕێژت و کەنتڕۆڵی شتەکان دەکات لەڕۆگەی تاقیکردنەوەی زانستیەوە بە کەنتڕۆڵکردنی شتەکان. پێشووتر پشت بەلۆژیکی ئەستۆی دەبەسترا، بە دەرهەنانی ئەنجام. بە نمونە:

سوکرات مرۆڤە، هەموو مرۆڤێک دەمرێت، کەواتە سوکرات دەمرێت؟ بەڵام زانست پشت بە دیدکشن دەبەستێت، لە تاکەوە بە گشت. زانست پشتی بەلۆژیک دەبەستێت، کاتێک ئاسن لە تاقیگەکاندا تاقی دەکاتەوە بۆم شۆیە دەرئەنجام دەردەهێنت. مس بەگەرمی دەکشێت، ئاسن بەگەمی دەکشێت. کەواتە هەموو تەنەکان بەگەرمی دەکشێن. لە قۆناغی بیرکردنەوەی زانستیدا ژیانی مرۆڤیش گیانی بەسەردا هات و مرۆڤ توانی لەڕۆگەی دەستبەسەراگرتنی زانستی ئەزموونیەوە دەستبەسەر سروشتدا بگرێت و ببێت وەکو یەقان نوح دەڵێت؛(مرۆڤ بەهۆی زانستەوە، لە ئاژەڵکی نیو سروشتەوە بوو، بە مرۆڤ خوا.) بیرکردنەوەی زانستی کۆتا قۆناغی بیرکردنەوەی مرۆڤ، کە مرۆڤی کرد بەهێزترین کائینی نەو جیهانکەی خۆی.

نیشتمانی فەلسەفە:

کاتێک باسی فەلسەفە دەکەین، ئاستەوخۆ بیرمان دەچێت بۆ مێژووی یۆنان، ئەمش بۆ هەی ئەوەی ئەسڕتۆ، مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە دەگەڕێنێتەوە بۆ تالیس.

وەک لە بەشی سەرەتادا ئاماژەم پێدا ئەمە ناکۆکنە ژێر جۆبر و دەگمی مێژووەو. چونکە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا (4000) ساڵ لە شارستانیەتی گریک کۆنترە. "فیساگۆراس" لە بابل ماتماتیکی خوێندووە و تیۆریی ماتماتیکی فیساگۆراس دووهەزار ساڵ بەر لە "فیساگۆراس" بوونی هەبووە. هەروەها میتافیزیکا لە ئایینی دووەمی مووساوە لە میسرەوە دەگاتە یۆنان. چوارسەد بەر لە زایین یۆنانیەکان میسۆپۆتامیایان ناسیووەو هەر ئەوان ئەوناوێان بەسەرداوە. جگە لەوەش لەناو شارستانیەتی میسریەکاندا ماتماتیک و زانستی مامیاکردن و نەشتەرگەری مەشکیان زانیووە. ئەمە ئەوەشمان لە بیرنەچێت پاش داگیرکردنی یۆنان لە لایەن ڕۆمانیەکانەوە فەلسەفە لە شارستانیەتی ئیسلامییەوە دەپارێزێت و دواتریش لەڕێگەی تووندس و ئیسپانیەوە دەچێتەوە بۆ ڕۆژئاوا. ئێستا پێویستە ببپرسین بۆچی فەلسەفە لە یۆنان گەشەی کرد و شارستانیەتی یۆنانی کردە نیشتمانی مانەوەی خۆی؟

وەکو لە پێشوودا ئاماژەمان پێکرد فەلسەفە لە کلتورێکدا ناژیت کە نەفەسی بیرکردنەوەی ئازاد بخسێنێت. کۆشەوای یۆنان ژینگەیەکی دیموکراسی بووەو بەهەی چەمکی ڕۆخنەوە فەلسەفە لەیۆناندا گەشەی کرد. سوکرات دەڵێت:(ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە مانای ژیان نیە) تاقیکردنەوە، واتا ڕۆخنەبکرێت و بخرێتە ژێرتاقیگەکانی گومانەوەو ڕەتبکرێتەوە. فەلسەفە یۆنانی کردە نیشتمانی خۆی، بۆیەکەمین جار فەلسەفە لە شارستانیەتی یۆناندا لەلایەن "ئیۆنیەکان"ەوە سەری هەڵدا، دوتریش فیساگۆرسیەکان و ئیلییەکان درێژیان پێدا.

فەلسەفە چیە؟

(فەلسەفە لەبەر ئەوە سەری هەڵدا، چونکە مرۆڤ نایدەتوانی بیر لەگۆردوون نەکاتەوە)

ئەستۆ: میتافیزیک

هەرچەندە فەلسەفە بابەتێکی فرەهەندە و ناتوانرێت پێناسەیەکی گشتی بۆ بکرێت، بەڵام لە دیدی منەوە(فەلسەفە لە گشتایەتی خۆیدا هونەری پرسیارکردن و تاقیکردنەوەی شتەکانە، لە ڕۆگەی ڕامان و بیرکردنەوەوە بۆ گەیشتن و دەزینەوەی فاکتە شاراوەکان). وەکو

سوکرات دەڵێت:" ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە واتایی ژیانی نیە". واتا ئەو ژیانە ساختەیی کە لەسەر بونیادی ترادسیۆن و زانیاریی ساختەکان بونیادنراوە پشتیستە تاقیبکرێتەوەو لە هیگڵی نشتەری هەڵخنەوە شیبکرێتەوە.(جۆن دیڤد) بەمجۆرە پێناسەی فەلسەفە دەکات:

کۆششێکە مرۆڤ بەرەو نکردنەوەی ئامانجە بنەڕەتیەکانی لەژیاندا ئەنجامی دەدات ".

ئەو قۆناغانەی فەلسەفەی پێدا تێپەڕیون:

قۆناغی یەکەم: (پێش سوکرات) لە سەدەی (حەوتی) پ ز، دەست پێ دەکات تا نزیکی نزیکەی (چوار سەدە) ئەم قۆناغە دەگرێتەوە، کە لەبنەڕەتی بوون و ماهیەتی جیهان دەکۆڵێتەوە

قۆناغی دووەم: قۆناغی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانیە و لەم قۆناغەدا فەلسەفە لەترۆپکی گەشەکردندایە و دووبارەی دژبەیەک دەنێ ئاراوە ئەویش (سۆفستاییەکان) و (فەیلەسوفانی یۆنان). ئەم قۆناغەش دەربارەی کردە مۆراڵیەکانی قۆناغی مرۆڤ و ژیانی حوکومەانی و گەردوون و سروشت و پرسە فەلسەفیەکانیان وروژاندووە.

قۆناغی سێیەم (سەدەکانی ناوەڕاست) تاریکترین قۆناغی بیرکردنەوەیە و گەشەی مەعریفی چەق دەبەستی ئەویش بەهای تەکۆکردنی فەلسەفە و گونجاندنی لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا.

قۆناغی چوارەم: کە لەخۆ دیکارتەوە دەست پێدەکات و لە دەستی هەگڵ دەگاتە لووتکە بە قۆناغی فەلسەفەی نوێ ناسراوە لەم قۆناغەدا جیهانی هزر و زانست شانبەشانی پێشکەوتنی پیشەسازی پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوەو لەم قۆناغەدا دوو ڕیبازی گرنگی دژبەیەک سەرهەڵدەدن ئەوانیش (ئەزموونگەرایی و ڕاشیونالیست)، پاشان قۆناغی ئایدیالیزم و ماتریالیزمی ئەمانی و دواتریش فەلسەفەی مەدێرن دێتە ئاراوە. هەریەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندی و خەسڵەتی دیاریکراوی خۆی هەیەو پێویستە بەو کۆنتەکستە مێژووییەی تێدا دێتە ئاراوەو کاریگەری لەسەر تێفکرین و بیرکردنەوەی مرۆڤ دروست کردووە.

پرسە فەلسەفیەکان چین:

یەک: ئەمە هەندێک جار دەپرسین بوون چیە، مرۆڤ چۆن دروست بووە جیهان لەچیەوە هاتۆتەبوون، خودا چیە؟

میتافیزیک لقکی فلسفیە کە وەڵامی ئەم پرسە دەداتەوە ئەمەش لە تایبەتمەندیەکانی ئەو مادیە دەکەوێتەوە کەجیهانی لە دروستبووە.

دوو: ئایا ئەمە دەتوانین چی بزانین ئایا مرۆڤ توانایی زانینی سنوردارە یان دەتوانێ تەواوی نهێنیەکانی جیهان ئەزموون بکات؟ ˇ

لقکی فلسفە بەناوی ئیپستمۆلۆژیا وەڵامی ئەم پرسمان دەداتەوە، لە سوکراتەوە دست پە دکات و لە سەردەستی کانت پەپەر دگات بە لوتکە. وەکو ئەوەی کانت فیلسوفی ئەڵمانی دەڵێت:" من دەتوانم چی بزانم".

سە:کام ڕەفتاری مرۆڤ باشە بەڵتە مایەی پەکەوە ژیان و ئاسوودەی ئەوانی تر. بۆچی من مرۆڤکی باشبم؟

فلسفەی ئەخلاق ئەو باباتانە دەکاتە ژێرپرسیارەوە لە ڕگەی پرس و دەرئەنجامکانیەوە وەڵامی ئەو پرسمان دەداتەوە.

چوار: کام جۆری سیستمی حوکمانی دەبەتە هۆی فەراهەمکردنی ئازادی و ئاسایش و پەکەوە یان چ جۆرە دەوڵەتێک باشە؟

لقکی فلسفە بەناوی فلسفەی سیاسیەوە وەڵامی ئەم پرسانەمان دەداتەوەو لەو باباتانە دەکەوێتەوە….هتد

جگە لەوەی فلسفە یەکەکە لەو ئامازانەی دەبەتە (موظاف) دەچێتە پێش هەرناوەکی تریەوە و لەو باباتانەدەکەوێتەوە وەکو(فلسفەی زمان، فلسفەی مێژوو، فلسفەی یاسا، فلسفەی زانست، فلسفەی فلسفەو …هتد). بەگشتی فلسفە هونەری پرسیاکردن و گومان و تەماناە بە دەزینەوە و چارەسەری ئارەشەو گرفتکان تا ژیانکی شایستەی و هونەریانە بەسەر بەرین.

Oct 16, 2021
نووسینی: ئاراس سەعید

_____-

بەسود وەرگرتن لەم سەرچاوانەی خوارەوە:

1.ئەنوەر نەجمەدین: سەرچاوەی مەعریفە لە میتەلۆژیا و ئایین و فلسفەو ماتیالیزمدا.چاپخانەی بیانی چاپی یەکەم 2021

2.ئاراس سەعید: مرۆڤ چۆن خودای دروستکرد، گۆڤاری فاکت، ژمارە5-6..2021

3.ڕۆبوار سیوەیلی: ترسان لە فەلسەفە

ماڵی وەفایی چاپی سێیەم 2020

4. کتێبی پیرۆز: پەیمانی کۆن.
5. ڕۆبوار سیوەیلی: سەفستایەکانی یۆنان

، چاپخانەی هاوسەر هەولێر

6. هیوا جەلال: سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی زمان، دەزگای ڕۆشنوبیری
7. ڕۆهبەری مەحمود زادە: کەرسی فەلسەفەی ڕۆژئاوا

9.ت ز لاڤین: فەلسەفە بۆ هەمووان. و: ئارام مەحمود. دەزگای ئایدیا، چاپی یەکەم.

arne nees: filofiens historie,i, hans reizels forlag kopen : haven,s.26

11.نظرية المعرفة؛ مكانتها وأهمياتها في الفكرين الفلسفي والصوفي.
https://media.nerliti.com/media/publications/285397_a02cccf2pdf

12.سيجوند فرويد: الطوطم والحرام. نوع الملفPDF ،المجلة الكتب العربية.https://www.alarabimag.com/books

13. د.تاهر عزيز: المناهج الفلسفة، مركز الثقافي العربي، ١٩٩٠، بيروت.

فلز ویتلی پیترس یەکەمین ژنە

شاعیری کێلۆ لە مۆژووی ئەمریکا.. لە ئینگلیزییەوە: عەبدولا سەمان(مەشخەڵ)

(لێیادی ٢٦٠ ساڵەی بەکۆیلەکردنی ئەم ئینسانە شاعیرە)


کێلۆ، ئەو ئینسانەی کە یاسای ڕۆژگار تاریکەکان مافی کەین و فرۆشتنی لەسەر دانابوون، بەدبەختترین مرۆڤگەلێک بوون کە ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و دەردەسەریی ژیاون.(١) کیشوەری ئەفریقا بەهۆی دووا کەوتوویی ئابووری و ژیارییەوە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ببووە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لە دابینکردنی هێزی مرۆیی کە بەشوەی کێلۆ بەنرخێکی هەرزان دەکەدران و دەفرۆشرانەوە. بەڕۆچاوکردنی ئەوەی کە بەشێک لەو کێلانە ڕەنگە خاوەن توانا و بەهرە و سلیقە و لێهاتوویی تایبەت بەخۆیان بن، کە ڕەنگە لەناو سپیپێستەکانیشدا یان مرۆڤ ئازادەکانیشدا ئەو توانایانە دەگمەن بن. ئەمەش دەبینین لەم سەردەمەی نیولیبەرالیزمدا لەوەتانی خرئاوا زۆربەی وەرزشوانان و هونەرمەندان و مویزکژەنان لە ڕێشپیستەکانن کە توانیویانە بازاڕی هونەر و وەرزش دە بەرابەر گەرمتر بکەن. بەڵام لەو قۆناغە تاریکەدا کە کێلۆ هیچ مافێکی ئینسانیی نەبووە، کێلۆیەک لەلایەن خاوەنکەیەوە ببەتە جێی بایخ بێاستی گرنگ و مۆژووییشە. دیارە ئەمەش ئاماژەیە بە دوو هەکاری گرنگ :

یەک : خاوەن کارەکە توانای خوێندنەوە و بینینی ئەو لێهاتوویەی کێلۆکەی خێی هەیە و ئەمەش نیشانەی زیرەکی و ڕێشنبیریی خاوەن کێلۆ دەگەنێت.

دوو : خاوەن کێلۆکە ویستوویەتی مۆژوویەک لە بواری ئەدەب و ڕێشنبیریی بە خێی تەمار بکات.

لەڕەوە دەتوانین لە دەخ و ژیانی فلز ویتلی پیترسی کێلۆ، بەنام شاعیر ورد ببینەوە. زۆربەی ڕەخنەگران و لێکەرەوانان پێیان وایە کە فلز ویتلی پیترس، یەکەمین ژنشاعیری کێلۆ لە مۆژووی ئەمریکا(٢) ئەم شاعیرە کێلۆیە لە ساڵی ١٧٥٣ لە خررئاوای کیشوەری ئەفریقا لە وەاتی گامبیا یان سەنگاڵ لەدایکبووە. لەتەمەنی حەوت هەشت ساڵان وەکو کێلۆیەک دەفرۆشرێت بە بارزگانێکی کێلۆکان. دواتر سەرجەم کێلۆکان دەخرێنە سەرپشتی پاپۆڕێک بەناوی (پاپۆڕی کێلۆکان فلز)(٣) و لەکەنارە ئاویەکانی ئەمریکا لە ویلایەتی بەستن لەنگەر دەگرێت. پاشان ئەم کچە کێلۆیە لەلایەن

بنەماڵەی جان ویتلی گەورە بارزگان و بەرگدروو وەکو کەیلەیەک دەکەدرێت و بە خزمەتی ئەو بنەماڵەیە بەتایبەت بە خزمەتی خانم سوزانای هاوژینی جان ویتلی و لەوە ناوی فلزی بەسەردا دەبەدرێت و هەروەها پاشناوی ویتیلیشی دەدرێتێ. دوای ئەوەی فلزی کەیلە لە ئەمریکا فەری خوەندن و نووسین دەبێت، هەر لەلایەن ئەو بنەماڵەوە هان دەدرێت کە شیعر بنووسێت دوای ئەوەی زانیان کە کەسکی زیرەک و بلیمەتە. یەکەمین مامەستای فلز ماری کچە هەژدە ساڵانەکەی جان بوو کە فەری خوەندنەوە و نووسینین دەکرد. هەروەها نیشانیاڵی کوری جانیش یارمەتی فلزی دەدا تا فەری نووسین و خوەندنەوە ببێت. لەتەمانی دوانزە ساڵیدا توانی ئەدەبی یونانی و ئەدەبی کلاسیکی لاتین بە زمانی ئەسلی خەیان بخوەنێت و لەتەمنی چواردە ساڵیدا یەکەمین شیعری (بە زانکۆی کامبردج لە نیو ئینگلەند)نووسی، کە توانایی و لەهاتووی فلزی لەخەدا بەرجەستە کردبوو. بنەماڵەی ویتلی لەهەموو کاروبارێکی ماڵەوە بەخشیان و سپارتیان کرد کە بایەخ بە ئەدەب و هەشنبیری بدات، ئیش و کارکانی ماڵیان سپاردە کەیلەکانی تریان. فلز بەردەوام تواکانی خۆی نیشانی هاوڕێ و خاوێن کەیلەکانی خۆی دەدا.فلز کەوتە ژێر کاریگەری ئەلەکسەندەر پۆپ و جان میلتن و هەمەر و هەراس و ڤیرجیل. بەوجۆرە ئەم ژنە کەیلەیە کاروانی نووسینی شیعری دەستپێکرد. ئیتر توانی لە کورت ماوەدا سەرنجی بزووتنەوەی ئەدەبی سەردەستی ئەمریکیی بۆلای خۆیدا ڕابکێشێت.


POEMS

ON

VARIOUS SUBJECTS,

RELIGIOUS AND MORAL.

BY


PHILLIS WHEATLEY,

NEGRO SERVANT to Mr. JOHN WHEATLEY,
of BOSTON, in NEW ENGLAND.

LONDON:
Printed for A. BELL, Bookseller, Aldgate; and sold by
Meſſrs. COX and BERRY, King-Street, BOSTON.
MDCCLXXIII.

کەشیعری فلز ویتلی پیترس لەسەر کەمەی بابەت و ئایین و ئەخلاق ساڵی ١٧٧٣ لە لەندەن چاپ بووە.
ساڵی ١٧٧٣ لەتەمەنی بیست ساڵیدا لەگەڵ کۆی خاوەن کەیلەکەی، نەیثانیاڵ هەم بە چارەسەری نەخۆشیەکەی کە سیل بوو و هەروەها سوزاناش بەوای وابوو کە دەرفەتێکی لەبار لەشاری لەندەن هەیە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی، چووە شاری لەندەن. ئەوەبوو سڵنا هەستینگز(٤) سەرسام بوو بەشیعرەکانی فلز ویتلی و یەکەمین کەشیعری لە هاوینی ساڵی ١٧٧٣ دا بڵاو کرایەوە. دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین کتێبی فلز،خاتوو سوزانا و جان یەک لەدوای یەک لەساڵەکانی ١٧٧٤ و١٧٧٨ مردن. ئینجا فلز لەگەڵ دوکاندارێکی دڵسۆزی ئازاد، بەناوی جان پیتەر زماوەند دەکەن و دوو منداڵیشیان دەمرێ و بەهەژاری و کەسی ژیان بەسەر دەبەن. ئەم شاعیرە سەرباری نووسینی شیعر، لەگەڵگەی هونەری نامەنووسینەوە توانیویەتی بیروبۆچوونی خۆی لەگەڵ نووسەرانی سەردەمی خۆی بگۆڕێتەوە وەکو سامسن ئۆکن و جان ثارنتن و جان نوتن. ساڵی ١٧٧٥ شیعری (بە جۆرج واشنتۆنی خەمخۆر)ی نارد بە سوپاسالاری ئەمریکا. بە ساڵی پاشتر جۆرج واشنتۆن داوەتی فلز ویتلی کرد بۆ کۆشکی سەرکایەتی . بەڵام وتلی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٧٧٦ دەمرێت و ثەماس پاین شیعرەکەی جارکیتر لە گۆڤاری پێنسڤیلیا گۆزەتە)(٥) لە نیسانی ١٧٧٦ دا بڵاو دەکاتەوە. ویتلی ویستی دووەم کەشیعری خۆی بڵاو بکاتەوە، بەڵام بەهۆی لەدەستچوونی سپۆرتی خاوەن کەیلەکانی بەهۆی مردنیان و بڕیابوونی جەنگی شۆشگڕانی ئەمریکا (٦) نەیتوانی بگات بەم ئاواتی.

وێنەیەک لە شیعرەکی فلز ویتلی پیترس



On being brought from AFRICA
to AMERICA.

'TWAS mercy brought me from my *Pagan* land,
Taught my benighted soul to understand
That there's a God, that there's a *Saviour* too :
Once I redemption neither sought nor knew.
Some view our sable race with scornful eye,
"Their colour is a diabolic die."
Remember, *Christians*, *Negroes*, black as *Cain*,
May be refin'd, and join th' angelic train.

ساڵی ١٧٦٨ فلز ویتلی شیعری (بۆ خاوەنشکۆی جیاواز) کە ستایشی پاشا

جۆرجی سێیەم دەکات بەهەی ڕەتکردنەوەی یاسای پوول،دەنووسێت و باو دەکاتەوە. دووا تر پە بەپێی بەهەزبوونی شۆشی ئەمریکیی، نووسینەکانی ویتلیش بابەتگەلێکیان لەخۆ دەگرت کە گوزارشت بوون لە بیروباوەڕی یاخیبووانی وەاتانی کۆنیالیزمکراو. لەساڵی ۱۷۷۰ ستایشکی ئایینی لەبارەی مەسیحییەتەوە بە ئینجلیخواز جۆرج وایتفیلد دەنووسێت. ویتلی گەلێ شیعری بە کەسایەتییە ناودارەکان نووسیوە کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی زیاتر لاوانەوەن و ناوەڕۆکی هەندێکیشیان دەربارەی ئایینی مەسیحی و کلاسیک و ئەبستراکتن. ئەم شاعیرە زۆر بەدگمەن لە شیعرەکانیدا لای لەخۆی کردەتەوە.(۷) فلزی شاعیر، شیعرێکی لەسەر کێلەتی هەیە بەناوی (کاتێک لە ئەفریقاوە هێنرانە ئەمریکا).

بەخشندەیی منی لەسەر زەمینی بت پەرستییەوە هێنایە ئێرە
ڕوحی پیسی حاڵی کردم کەوا
خوایەک هەیە،هەورەها دەسزێکیشی هەیە
جارێکیان نە دەمویست ڕزگار بم و نەفڕ بم
هەندێکیش بەچاو دیانەوانی
ڕەنگیان بەیەی ئەهریمەنیانەیە

لەیادت بێت، مەسیحییەکان، پەستەشکان،شڕەکانی هەروەکو قابیل دەتوانرێت پاکبکرێنەوە و پێویستە بن بە شەمەندەفەری فریشتەکان.(۸)

بەسووک تەماشاکردنی ئینسانی کێلە لەو سەردەمە تاریکەدا کە کۆنیالیزم نەخشەی ژیانی دەکێشا و پەداویستی و دابینکردنی بازاڕی تازە و کەرەسەی بەرهەمهێنان، ببووە دیدی زاڵ لەناو کۆمەڵگەی فیودالی و تازە هەنگاونەر بەرەو سەرمایەداری. بەیە لایەن کۆنیالیستەکانەوە بوونی شاعیرێکی بەتوانا و بەهێز و بەتوانای وەک فلز ویتلی پیترس جێی قبووڵ و هەرسکردن نەبوو.(۹) بەیە لەشارە بەستن لەلایەن گروپێک لە نووسەران و شاعیران و بەئامادەبوونی نوێنەری دەوڵەت، شاعیرێتی فلز تاقی دەکەنەوە.گروپەکە پێکهاتبوو لەهەریەک لە(جان ئارفینگ، چارڵس چاونسی، جان هەنکاک، تەماس هاچنسن و ئێندرە ئەلیڤەر). لیژنەکە گەیشت بەو بڕوایەی کە بڕۆ ئەم کێلەیە خێی شیعرەکانی نووسیوە و تەنانەت پێشکێی کتێبەکەشی هەر خێی نووسیویەتی. کەچی لەگەڵ ئەمشدا هیچ دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوە ئامادە نەبوو کتێب بە ئەو شاعیرە چاپ بکات.بەڵام جوانی شیعرەکانی و هەزی شیعریەت سەرنجی خوێنەرانی لەندەنی بەڵای خۆیدا ڕاکێشا. ساڵی ۱۷۷۳ گەڕیاری لەندەن سەبارەت بە نموونەیەک لە شیعری فلز ویتلی پیترس دەنووسێت (ئەم شیعرانە هیچ کارەکی سەرنجڕاکێش و عەبقەریان تێدا نییە،

بەرام کاتێک دەبینی گەنجێکی ئەفریقی دوای شەش مانگ لە خوێندنی وردی زمانی ئینگلیزی نووسیوێتی،هیچمان پێناکرێت جگە لە سەرکوتی سەرسامبوونمان بە بەهرە و توانای بەهێز و زیندووی ئەو شاعیرە.)(١٠) دوای ماوەی چەندین ساڵ، بڵاوکراوەی ساڵی ١٨٣٨ ئینجا لەشاری بەستن بڵاوکرایەوە، شیعرەکانی ویتلی پیترس چاپ ببن و بەناو بکرێنەوە.

ویتلی بەوای وابوو کە هەزی شیعر ناپوورێت. بەخۆگرانیش گەلێک لەکێنەوێیان دەربارەی بەرهەمە شیعرییەکانی ویتلی نووسیوە کە چەن تیشکی خەر وەک هەما و ئینجا وەکو باوەڕی مرۆڤکانی ئەفریقا لەشیعردا بەناوی جیاجیا بەکاربردووە. کەچی سەرباری جوانی و سەرنجڕاکێشی شیعرەکانی، ئەم شاعیرە کێلێ بەبەری نەبووە لە بەخۆگران پێیانوایە شیعرەکانی ویتلی بەدەرن لە هەستی شوناسی بەشپەستی خەی وەکو کێلێک.هەورەها جەری پەروەردەی بنەماڵەی ویتلی لەگەڵ ئەم شاعیرە جەی سەرنج بووە و وای لە شاعیر کردووە کە جەرە تەگێیشتنەکی تەری هەبێت سەبارەت بە شوناسی کێلەبوونی خەی. نەک هەر ئەمە تەنانەت ئەم شاعیرە بەگەپەدراو بووە لە ئاهەنگی سپیپەستەکانیشدا بەشدار بێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم وێنە گشتییەی فلەز، ئەم شاعیرە لەگەڵ بەرەوپەشجوونی شەشە ئەمریکا روحی بەرەنگاری دژ بە کێلەتی لا بەرجەستەتر دەبێتەوە و لەم پێناوەشدا گەلێ نامەی نووسیوە بە کاربەدەستانی ئەوکاتی ئەمریکا.(١١)

ساڵی ١٧٧٣ ئەو کەشیعرەکەی ویتلی بووە بە بەهەزترین کتێبی ئەفریقی لەسەر ڕووی زەوی. ڤێتێری نووسەر لەنامەیەکیدا بە هاوڕێیەکی دەنوسێت: فلز ویتلی پیترس سەلماندی کە خەڵکی ڕەشپەست دەتوانن شیعر بنووسن. جان پاوێ جەنز چەندین بەرهەمی بە فلز ناردووە. جەرج واشنتۆنیش لەبەرامبەر ئەو شیعرەی فلز بەی نووسیبوو دەڵێت(شەوازی شیعر نووسینت بەگەیە لەسەر بەهرەی شیعریی و ڕەشنبیریت).(١٢)

ئەم شاعیرە یەکەمین ژنە کێلە بووە کە کتێبی شیعریی نووسیوە و دووەمین ژنیش بووە لەمەژووی ئەمریکا کە کتێبی چاپ و بڵاوکردەتەوە(دوای ئانا بردستریت)(١٣) و هەروەها لەسەر نووسینەکانی ژیاوە. ساڵی ٢٠٠٢ موڵفی کێیت ئاسانتە ئەم شاعیرەی لە ڕیزبەندی ١٠٠ لە کاریگەرترین کەسایەتییە کاریگەرییەکانی ئەفریقا – ئەمریکا ڕیزبەند کردووە. ساڵی ٢٠٠٣ لەشاری بەستن پەیکەری بە دروستکرا و دانرا. ساڵی ٢٠١٢ زانکۆی ڕەبەرت مەریس باڵەخانە نوێکەی قوتابخانەی کەمیونیکەشن و زانستی زانیاری بەناوی ئەم شاعیرەوە ناونا.هەروەها هەڵی ویتلی لە زانکۆی مەساسویتس هەر بەناوی ئەو شاعیرەوە ناونراوە. ساڵی ١٩٩٢ لە گرینگیە لە شاری

مسیسپی حەلقەی ویتلی دامەزرا. ئیتر دەیەها باڵەخانە و قوتابخانەی لەشوێنە جیاجیاکانی ئەمریکای بەناوەوە کراوە. لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٩ جارەکیتر کەشیعرەکەی سالی ١٧٧٣ ی بەاو دەکرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم شاعیرە و نووسین و شیعرەکانی دەبنە بابەتی دەیان و بگرە سەدان لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی و ڕەخنەیی و تێزی خوێندن لە زانکۆکان. دوواجار ئەم شاعیرە بەتوانا و بەبەهرەیە لە ٥ی کانوونی یەکەمی سالی ١٧٧٤، لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا لەنالەبارترین دەخی هەژاریدا بە هەمیشە چاولێک دەنە و ئەم دنیا بێڕەحمەی کۆیلایەتییە بەجێدەهێشت. دوای مردنی ئینجا خاوەن کۆیلەکەی، بەفەرمی ئازادی دەکات.

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)
تەممووزی ٢٠٢١ کۆنەدا

پەراوێز و سەرچاوەکان :
(١)ناوبەت لەمان ون بەت کە کۆیلەتی لەئەمەی سیستەمی سەرمایەداری بە فەرمکی تر درێژەی هەیە. ئەگەر ئەو سەردەمە مەڕق کۆیلەی بارزگانە چاوچنۆکەکان بووبەت، ئەوا ئەمە کۆیلەی کارە. لە هەندێک لە وەڵات مەدەرنەکانیش بازرگانیکردن بە مەڕق(هیمەن ترافیک) بەهۆیەکی زەر هەیە و لە سەرزەمینە دووەکووتووەکانیشدا پاشماوەی کەین و فرۆشتنی مەڕق هەر بوونی هەیە.چ لە دەخی هاوسەرگیریی یان نەتوانینی قەرز لەلایەن قەرزارەوە و دەستگرتن بەسەر ژن و منداڵی کابرای قەرزار وەک لە هیندستان هەیە، یانیش فرۆشتنی بەشکی جەستەی مەڕق لەپێناو درێژەدان بەژیان وەک فرۆشتنی گون و گورچیلە لە ڕەژهەڵاتی ناوین.
(٢)نووسەر و ڕەخنەگری وەک ڤینیست کارێتا ساڵی ٢٠٠١ کتێبکی لەسەر ژیان و شیعرەکانی فلز ویتلی نووسیوە.
Carretta, Vincent. Complete Writings by Phillis Wheatley, New .York: Penguin Books, 2001
(٣)پاپەکی کۆیلەکان کەناوی فلز بوو،بەو پاپەڕە دێترا کە لەسەدەی حەڤدەهەم تا نزدەهەم کۆیلەی دەگواستەوە لە ئەفریقاوە بە ئەمریکا. ئەو پاپەڕە بە پاپەی پیاوانی گینیاش ناودەبرا. خاوەنی ئەو پاپەڕە تیمەتی فیچ بوو و کاپتنەکەشی پیتەر گوین بوو.
(٤٣)سەلینا هەستینگز لە ٢٤ ی ئابی ١٧٠٧ لەدایکبووە، سەلینا پشتوایەکی ئاینی مەسیحییەت بوو لە بەریتانیا. لە ١٧ی حوزەیرانی

ساڵی ١٧٩١ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا مردووە. شایانی باسە هێستینگز و فلز بەهەی نەخشی هێستینگەوە تا مردنیش نەیانتوانی یەکیتر ببینین.
(٥)ڕۆژنامەی پێنسڤیلیا ڕۆژنامەیەکی ئەمریکیی و زمانحاڵی فەرمی ویلایەتی پێنسڤیلیا بوو، کە بنیامین فرانکلین ساڵی ١٧٢٨ دەریدەکرد.
(٦)جەنگی شۆشگێرانەی ئەمریکا، یان جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکا (١٩ی نیسانی ١٧٧٥ – ٣ی ئەیلوولی ١٧٨٣) هەوڵوستێگیریی ئەندامانی سیانزەمین گەنگرەسی ئەمریکا بوو دژ بە بەریتانیان مەزن لەپێناو سەربەخۆیی ئەمریکا. بە زانیاری زیاتر لەسەر ئەم شۆشە بڕوانە سەرچاوەیتی ویکیپیدیا https://en.wikipedia.org/wiki/American_Revolutionary_War
(٧)بەبچوونی من هەکاری لا لەخەنەکردنەوەی ئەم شاعیرە دەگەڵتەوە بە ئەوەی کە :یەک؛ هەر لە تەمەنی حەوت هەشت ساڵییەوە لە بەخەوە هەدەکەشرێت و دەبردرێتە جێگایەکی دی. دوو؛لەژێر کاریگەری و پەروەدەیەکی چینی سەردەستە (خاوەن کۆیلەکان) بووە و بیروبچوونی ئەوانی بەسەردا زاڵبووە.سێ؛ هەنگە لەژێر هەڕەشە نەیتوانیبێت ئەو کارە بکات.
(٨)https://en.wikipedia.org/wiki/Phillis_Wheatley
(٩)لەبەردا جگە خەیاتی ئاماژە بە کتێبی هێنری لویس گەیتس ئەفریکانا بکەین بەناوی ئینسکلۆپیدیای ئەزموونی ئەفریقا و ئەفریقا-ئەمریکا و هەروەها ڕانانی ئەلیس کەشمەر لەسەر کتێبی ئەنتەلۆجیای ئەدەبی ئەفریقی – ئەمریکیی کە بەدوورودرێژی لەسەر ئەم ئاریشەیە وەستاون.
(١٠)https://en.wikipedia.org/wiki/Phillis_Wheatley
(١١)https://www.womenshistory.org/education-resources/biographies/phillis-wheatley

(١٢)نامەی جەرج واشنتۆن بە ویتلی پیترس لە ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٧٧٦ کۆپی پارێزراو لە ئەرشیف و نامەخانەی جەرج واشنتن ١٧٤١ – ١٧٩٩.
(١٣)https://www.womenshistory.org/education-resources/biographies/phillis-wheatley

توانستی ئەکتەر لە نواندنی مۆدرامادا.. هەوار فارس بەنموونە.. کامەران حاجی ئەلیاس

مۆدراما،واتە شانۆگەری تاکە کەسی تائێستا زۆرێك لە شانۆکاران،لە سەرپێناسەی ئەم جۆرە درامایە بۆ چوونیان جیاوازە، بەڵام بۆچوونی زۆرێك لە شانۆکاران وایە،کە مۆدراما بریتییە لە یەك دەنگ و لەیەك ئەکتەر.. زۆربەی نووسەرانی شانۆگەری ،بیرۆکەی سەرەکیان لەسەر چەندین کەسایەتی بونیاد دەنێن کە لەڕوان خۆیان دا دیالۆگ دەکەن بەڵام لە دەقی مۆدراما دا پشت بە یەك کەسییەت دەبەستێت لەرۆگەی چەندین دیالۆگی ناوەوەی و دەرکی زۆلەکە بەرجەستە دەکرێت .. لێرەدا زەحمەتی و ئاستەنگ بۆ نووسەر دوورست دەبێت ، بەتایبەتی کاتێ دەکەونە گۆرانەوە بۆئەوەی بیرۆکەکە بگات بە وەرگر.
دەقی مۆدراما پێویستی بە دەرهێنەرێکی بە توانا وڵهاتوو هەیە،بۆ ئەوەی لە دەقی مۆدرامای گۆرانەوە دەرباز بێت ،چونکە بینەر تووشی وەرز بوون دەبێت. بۆیە دەبێ دەرهێنەر لە رووی دەرهێنانەوە خاوەن تێڕامانی تایبەت بە خۆی بێت کاتێ هەس و کەوت لەگەڵ یەك ئەکتەر دەکات لەرۆگەی جەستەی ئەکتەر بەهاوکاری ئیکسسوارت و دیکۆر و رووناکی لەگەڵ دروستکردنی سینۆگرافیایەکی گونجاو بۆ کارەکە.
ئەکتەر لەنواندنی مۆدرامادا لە کرداری شانۆییدا بەهۆی نەبوونی ئەکتەرێکی ترپێویستی بە سەرجەم کەرستەکانی خۆی دەبێت وەکو دەنگ و جوڵەو سۆز و گرژی .. بۆ ئەوەی بوونی خۆی لەسەر تەختەی شانۆی بسەلمێنێت وچۆڕ و باوەڕ بە بینەر ببەخشێت، بۆ گەیشتن بە لوتکەی داهێنان،لە هەمان کاتدا،نابێ ئەزموونی ئەکتەریش لەبیر بکرێت ،چونکە فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی نواندنەکەی.
هەمەچەشن و جۆراجۆری نواندن لەنمایشی مۆدرامادا خاڵکی گرنگی نواندنە نمایشی مۆدرامادا لە شانۆگەری (وەك قەقنەس دەسووتێم) کەلە نووسینی نووسەر و هونەرمەند خاتوو (گەزیزە عومەر) و دەرهێنانی (نەژاد نەجم) و نواندنی خاتوو(هەوار فارس) -ە بەرهەمی گروپی شانۆی هەواری شاری کرکووك بوو ئەم شانۆگەرییە، تائێستا لە

تونس،میسر، بەغدا،هەولێر ،کەرکووك نمایش کراوە خاتوو هەوار توانی لە رۆگەی ئەو وزە نواندنەی لە نمایشەکەی بەکار هێنا،لە ماوەی زیاتر لە 40 خوولەك لەرۆگەی جەستەو جووڵەو ریتم وهەماکانی.. تارا رادەیەکی باش سەرنجی بینەران بۆ خۆی رابکێشێت من بۆخۆم لەم نمایشەدا توانستی راستەقینەی هەوارم لە نواندنەکەی بینی ،هەرچەندە لە هەندێك شوێنی نمایش،هەستمان بە،ماندووبوونی ئەکرد چونکە دەکرد دەرهێنەر لە رۆگەی دیالۆگی بۆ دەنگ کە زۆر جار لە هەندێك نمایش دا بینیومانە، بۆ دەنگی شانۆیی زۆر بەهێزتر بووە لە دیالۆگی ئەکتەر بۆیە ئەگەر دەرهێنەر زیاتر کاری لەسەر کردبا دەکرا هاوکارێکی باشت بۆت بۆ ئەکتەر لە هەمان کاتدا زیاتر سەرەنجی بینەرانی بۆ خۆی رابکێشێت وزیاتر خزمەت بە نمایشەکەی دەکرد بەڵام بە هۆی ئەوەی سەرتاپای نواندنەکە ریتمێکی خۆرای لە خۆی گرتبوو،ئەم حاڵەتەمان زۆر بەکەمی بەدی دەکرد، زیاتر پشتی بە ریتمی خۆرا بەست بوو..هەرچەندێك بۆت خاتوو هەوار بە هۆی نواندنەکەی،وای لە بینەر دەکرد بەردەوام چاوەڕێ دیالۆگ و جووڵەی نوێی لێ بکەن، بۆ ئەوەی بزانێت لە رووداوەکان چی روو دەدات ، بە واتایەکی تر بینەر لە نمایشەکەدا تووشی وەزۆر بوون نەدەبوون ئەمەش خاڵێکی سەرەکی سەرکەوتنی نمایشەکە بوو لە هەمان کاتدا نابی رۆڵی هەرەیەك لە دەرهێنەر نژاد نەجم ، موزیك سیروان عومەر ،دیکۆر بەرهەم یاسین ، ئێکسسوارات،جل وبەرگ، رووناکی هونەر شەوقی عەلی نەوزاد،سینۆگرافیا بەگشتی بەشێوەیەك لە شێوەکان هاوکارێکی باشی نواندنەکەی هەوار خان بوو.

شایانی باسە شانۆگەری (وەك قەقنەس دەسووتێم) تائێستا بەشداری چەندین فیستڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی کردوە،چەندین خەڵاتی بەدەست هێناوە وەکو: فستیڤاڵی نێودەوڵەتی مۆنۆدرامای قەرتاج لە وڵاتی تونس ، فێستیڤاڵی ڕۆژانی قاهیرەی نێودەوڵەتی بۆ مۆنۆدراما لە میسر، فێستیڤاڵی مۆنۆدرامای (یوسف ئەلعانی) لە بەغداد کە خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بەخشرابە شانۆکاری کورد (هەوار فارس) وە خەڵاتی باشترین نمایشی بەدەست هێنا .

لە کۆتاییدا دەست خۆشی لە ستافی گروپی شانۆی هەوار دەکەم هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆ دەخوازم.

کامەران حاجی ئەلیاس

کێچ وەک چارەسەر.. سامانی وەستا بەکر

کێچ:
کێچ گواستەوەی هەوانی مرۆڤ لە شوێنکەوە کە خەونکانی تیابەدی نەهێناوە بۆ شوێنک کە پشتر بۆی هەڵبژێردراوە بۆ بەدەستهێنانی هەمان خەون پێش گواستنەوەی فیزیکی جەستە.
کێچ ناهێزای مرۆڤ نیە لەهەکارێک یان زیاتر بەکو پرۆتێستە لەکەی سیستمی ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئیداری و سیاسی.
کێچ هووخانی پایەکانی مرۆڤ لەسەر زەوی باوباپیران و دروستکردنەوەیەتی لەسەر خاکی بێگانەکان.
کێچ ئەو خاڵیە کە مرۆڤ بۆتاڵ ئەبێتەوە لە هیوا، ئەو ساتیە کە بێیاری دابڕانی تیا ئەیا، ئەو هێڵیە کە هووە ئەکاتە نادیار.
کێچ لەدەستدانی ماتمانەی مرۆڤکانە بە ئێستا و داهاتوو لە شوێنکی دیارکراو، گرانیشە بەدوای شوێنکا بە ئێستا و داهاتوو.
کێچ بە ئومێدی مرۆڤکانە لە ئایندە، دڵشکانیانە لە دادوەری، ناهێزاییانە لە سەرکەکان، بێزاربوونیانە لە بەرەوبردن، ساردبوونەویانە لە نیشتمان، نامۆبوونیانە بە خاک، شەرمکردنیانە لە ناسنامە، دابڕانیانە لە داهاتوو، نەفرەتکردنە لە نایەکسانی.
کێچ تەنگپەهەچنینە لە جوگرافیایەک کە مێژووی هەچەکی مرۆڤکی تیا نوسراوەتەوە، بۆ جوگرافیایەک کە لە خاڵی سەرەتا و لە سفرەوە بینوستەوە و بیناسنە و بیسڵمنە.
کێچ دیاریەیکە لە دروست بوونی مرۆڤەوە بووە هەبووە، جا خەیست بووبێت یان بێزارەملە، بەڵام کێچی ناچاری دیاردەیکی نوێیە کە سیاسی و کۆسانی دەسەڵاتدار مرۆڤکان ناچاردەکەن و هانیان ئەیەن کە وڵات و زەد و ماڵ و مێژووکەیان جێبهێڵن، ئەویش لەپێی دروستکردنی جیاوازی چینایەتی،کە کەمینەیەکی وڵات ئەبێتە دەرەبەگ و زەرینەکەش بە مسکەن، بەجۆرێک کە دەرەبەگ نەک تەنها زەوی و سامانی گشتی وڵات بە خۆی ئەبات، بەڵکو بۆی هەنج و مانەدووبوونیش بە زەرینە هەوانابینێ، هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی زیاترایە تا کارئەگاتە ئەوەی کە زەرینە هەست بە نامۆ بوون، چەوسانەوە، زوڵم و ستەم بکات و بەشکی بیر لە کێچ بکاتەوە، ئەو بەشەشی کە ئەمننەوە بیر لە دوو شت ئەکەنەوە "هاپەین و کێچ"، هەرەمی کوردستان بە نمونە.
زەرینەی کێچبەر ئەگەر کزترین تروسکای لە ئاسەی وڵاتی خۆیا

بەدیبکات ئەوا بە هەموو ڕەشنای جیهانی ناگەڕێتەوە.
مرۆڤی کەچکەر ئەو کەسایە نە لەسەر خاکی خۆی بواری ژیانی هەیە و نە ئەشتوانێ لە تاراوگە ئەقرە بگرێ، ئەو کەسایە کەتایی هەموو ڕۆژێ ئومێدەخوازە ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژی بە لە غوربەت، ترسی ئەوەی هەیە لەسەر خاکی غەریبی چاولێکبنێت.

بەچی کەچ:
خەڵک لە دەست حکومەتێکی دەست پسێوە بە دەستی ئەپەزسیۆنێکی ساختەچی ڕائەکێن.
خەڵک لەدەست بازرگانی سیاسی گەندەڵ و خەسپێن بە دەست سیاسی تازە هەڵبژاردەیوی قەرزار و قەزەم ڕائەکێن.
خەڵک چۆن کەچ ناکێن کە زیاتر لە سی ساڵ باجی چەند ساڵێکی بەناو خەباتی شاخی بەشێک لە سیاسیە بازرگانەکان ئەیاتەوە، بەشێکیشیان بەرهەمی بەناو خەباتی باوک و باپیریان ئەخۆن، بوونەتە هەکاری پێگەیاندن و دروست بوونی بەناو ئەپەزسیۆنێک کە گەوگاڵ بەدزی ساختەچێتی و گاگەڵکە بەرەو کەڵانە نادیارو تاریکەکانی پارەی دزراوی میلەت بکات.
ئەستاش ڕەوشتی ڕامیاری و کەمەڵایەتیان گەشتەتە ئاستێک کە یەکتری ژەهر خوارد بکێن، تا تەمەنی گەندەڵی و دزی و خەسپێنی و ژیانی شاهانەیێن لەسەر شانی خەڵکی مافخوراو درێژە پێبێن.
کە ئەمە ڕەوشتی نوخبەی سیاسی میلەتێکبەت بگومان خەڵکی متمانەی نامێنی و لە شوێنێکی تر بەدوای ژیانا ئاگەڕێ ،کە دنیا بە لە خواردنەوەی قومە ئاویان پارویەک نان بەدنیایی و بەبە ترس.
خەڵک چۆن کەچ نەکێن کاتە بەشێک لە سیاسیەکان هەندەی پشکشکارێکی هەواڵی ڕۆژانەی تەقیەکان لە مەدیا جیاوازکانەوە دەرئەکەون و باس لە چەمکەکانی دیموکراسی وادپەروەری و یەکسانی ئەکێن، کەچی کاتە دوای "ژەهر" خوارد کردن لە باشترین نەخۆشخانەکانی ئەمانیا چارسەر وەرگرن بە فرۆکەی تایبەت ئاگەڕێنەوە کەچی لە یەکەم قسەیا ئەڵێ" بەردەوام ئەبم لە دژایەتی کردنی گەندەڵی"، خەڵکێکی زۆری قەزایەک بە چەندین پاس ئاگوزنەوە بە فرۆکەخانەی سلەمانی بە پشوازی تا بڕۆن تا ئەستاش خەڵکمان لەگەڵ، هەموو ئەمانەش بەپارەی دزراوی میلەت.
کاتێک لە ناوچەکانی مادەی ١٤٠ و ناوەڕاست و باشوری عەراق مووچە لەکاتی خۆیا و وەرگیری، مووچەی فەرمانبەرێکی ئەو ناوچانە زیاتربە لە هاوتاکەی لە هەرێم، لیتری بەنزین لەو ناوچانە ٤٥٠ دینارە بەڵام لە هەرێم دووقاتبە ئیتر ئەمانە هەمووی هەکارن بە بە ئومێد بوون.

کێ چی چۆگرافی یان ئابوری؟
ئایا حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداران و هەردوو بەمانە پرسیاری ئاوەیان لە خەیان کردووە بۆچی خەڵکی کەنەدا، ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، یابان، سینگافور، نیوزلەند، ئسکەندنافیا...هتد وەاتەکانیان بۆجێناهێن؟
بەگومان وەڵامی زۆرینەی ئاوە ئەبە کە لەو وەاتانەتا دیموکراسی و مافی ئادەربڕینی ئازاد هەیە.
لەڕاستیا ئەمە نیوەی وەڵامەکەیە بەڵام نیوەکەی تری کە گرنگترە ئاوەیە کە خەڵکی ژیانێکی شایستەی بۆ فەراهم کراوە، سکی تێرە، مووچە لەکاتی خۆیا وەرگرە و خزمەتگوزارییەکان بەردەستن، جیاوازی چینایەتی لە نزمترین ئاستایە.
ئایا حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداران و هەردوو بەمانە پرسیاری ئاوەیان لە خەیان کردووە بۆچی خەڵکی ئیمارات، قەتەر، بەحرەین، سعودیە، عومان و کوەت وەاتی خەیان بۆجێناهێن، لەکاتێکا سیستمی سیاسی ئەم وەاتانە دیکتاتۆرییە و لەلایەن بنەماڵە و خزانەوە خسەپێنەکانەوە بەڕێوەئەبرێن؟
ئاستە لەم وەاتانە مافی ئازادی دەربڕین و سیاسی لە قاڵبدراوە کۆچی خەڵکەکەی کۆچ ناکەن، بەڵکو لەبری کۆچ سااانە چەند گشتێک ئەکەن بۆ هەڵمژینی هەناسەیەکی ئازادی و ئۆگرنەوە وەات و ماڵی خەیان هەکاری ئەمەش تەنها یەک خاڵی جوهەریە ئاویش "گیرفانی پڕ".
ئایا حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداران و هەردوو بەمانە پرسیاری ئاوەیان لە خەیان کردووە بۆچی خەڵکی وەاتانی ئاوروپای ڕۆژهەڵات و ئەمریکای باشور و بەشێک لە ئاسیا وەاتەکانیان بۆجێهێڵن لە کاتێکا دیموکراسی و مافی ئازادی دەربڕین و ڕۆژنامەوانی بوونی هەیە؟
ئەمجارەشیان هەکارەکەی هەر ئابوریە، خەڵکی ئەم وەاتانە وەڵای بوونی دیموکراسی بەڵام بەهەکاری بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستەتر و بژوێکی باشتر بە ژیان کۆچ ئەکەن.
ئاخر مرۆڤ لەگەڵ هەموو شتەکا هەڵەکا بەڵام دەرقەتی برستی نایەت، دایکان و باوکان هەست بە نەنگی ئەکەن کاتێک کارەکی زۆرئەکەن بەڵام ناتوانن پێداویستی منااڵکانیان دابین بکەن.
گەنجەکان هەست بەدابڕان لە ژیان ئەکەن لەکاتێکا نێک توانای گشت و گڵانیان نیە بەڵکو شانسی هەڵی کاریشیان نیە.
فەرخوازان هەست بە دڵان ئەکەن کاتێک ئەبینن هاوڵاتیانی ٩٩ لە ١٠٠لە تاقیکردنەوەی کۆتاییا ئەهێنن و لە هیچ زانکۆیەک ناویان نایەتەوە ،کە ئەمە ئەکرێ یەکێکبێ لە بەهێزترین و ترسناکترین

هەکار بۆ پاشەکشێی وڵات لە ڕووداوەکانی گەشەکردن و زانست.

گرنگە دەستاتدار ئاوڕ بزانێ کە تەنیا ئازادی و دیموکرسی سک تەر ناکات و بەس نیە، لەکاتێکا ئەم دوو چەمکە لە هەرێمی کوردستان لاژێر پرسیاری جدیایە، بەڵکو ئاوڕی مرۆڤ بەخاک و نیشتمانەوە ئەبەستەتەوە سکی تەرە، پاشان دیموکراسی و هاوتایی و یەکسانی و هەموو چەمکەکانی تر، بەتام لە هەرێمی کوردستان هەم ئازادی سیاسی و کاری مەدیای لاژێر هەڕەشەی جدیایە هەم برسێتیش لە هەڵکشانایە.
مرۆڤ کاتێ برسیبێت تەنها بیر لە خواردن ئەکاتەوە، کاتێ کە تێریش بێت بیر لە دادپەروەری ئەکاتەوە.
ئێستا پرسیارێ جدیەکە ئاوایە لە دەستات و هەردوو بنەماڵەی خەسپێنی هەرێم و ئەپەزسیۆنە ساختەچیەکەش، ئایا بە بەرنامەی خەڵک برسی ئەکەن تا بیر لە دادپەروەری و یەکسانی و دیموکراسی نەکەنەوە؟

دەستات و کەچ:
دەستاتی هەرێم لەڕووی ووتەبژێکیاوە سوکایەتی بە کەچبەران ئەکات و خەی لە بەرپرسیاریەتی ئەدزێتەوە.
ووتەبژێکی دەستات ئەڵێ بەشکی کەچبەران خەڵکی ناوچەکانی مادەی ١٤٠ن، بەشکیش خەڵکی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی "پ.ک.ک"ن و بەشکیشیان خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و ئاپۆیین و هەڵەبجەن، بەواتایەکیتر مەبەستێتی بە خەڵکی هەولێر و بادینان کەچ ناکەن و ئازین بەوەی کە هەیە.

خۆ ئەگەر دابەزینە ئاستی بیرکردنەوەی ووتەبژێکی دەستات، ئەوا عوزر لە قەباعەت خراپتر،
١. حکومەت نابێ جیاوازی لەنێوان ناوچەیەک و ناوچەیەکیترا بکات.
٢. ئەبێ ماف و خزمەتگوزاری بە هەموو شوێنەک بە هاوتای و یەکسانی دابین بکات.
٣. حکومەتی ڕەشید ئەبێ خەی بە بەرپرس و باوکی کەی هاتیان بزانێ نەک بەهەکاری ئینتمای سیاسی پەنێنیان بکات.
٤. حکومەت نابێ خەی بدزێتەوە لە چارەسەر و ئێستە پاکی بکات لە بەرپرسیاریەتی.
٥. حکومەت کاتێ خەی دانی پیانێن کە کەچبەران خەڵکی زانی زەردنین، واتە ئاستوخۆ دانی پیانێن کە ئەوان تەنها حکومەتی ئەو ناوچانێن کە دەستاتیان بەسەریا هەیە و خەیان بەبەرپرسی شوێنکانیتر نازانن.
٦.

دیندار زەبارى ھەکخۆرى ئاسپاردە نەودەوڵەتییەکانى دەسەڵاتى ھەرێم، ئەمە ئەو خوکە درێژکەن و چیرۆکى ناڕاست لەسەر ھەرێمى کوردستان دروست ئەکەن!
گۆڤارى (ذە ناشناڤ ئینترناست) ئەنوسێت سەرکردەکانى کورد بە فرەکەى تایبەت گۆشتئەکەن کەچى خەڵکەکەى بەدەست بە موچەییەوە ئەناڵێنن، ئەمە قسەى کەچەرەکان نیە.
ھەر ئەو گۆڤارە ئەنوسە حکومەتى ھەرێم دەستى بەسەر داھاتى خەڵکیا گرتووە و بانکەکان پارەى خەڵکى ناگەڕێنەوە، ئەمە قسەى کەچەرەکان نیە.
کەناڵى ئەلجەزیرەى قەتەرى لە دەکۆمێنتارییەکا لەسەر کەچەران بەووردى باس لە ھەوشى ئابورى و نایەکسان وى ھەڵى کارو نادادپەروەرى و بەرتەسکبوونەوەى ئازادییەکان و گیراوانى بادینان ئەکات وەک چەند ھەکارێک بە کەچکردن، خە ئەمەشیان قسەى کەچەران نین.
خەڵک لەدەست ئەوە ڕائەکەن کە کەرتى گشتى وەات ڕادەستى گوایە کەرتى تایبەت کراوە تا ھەڵى کار بارخسێنرێ، بەڵام کەى کەرتى تایبەت لەژێر دەستى کەمپانیاکانى ھەردوو حیزبى بنەماڵەیە و ئەوانیش لەبرى ڕەخساندنى ھەڵى کار، داھاتى وەاتیان بەبارمتە گرتووەو کارمەندکانیش بە کیلە
ئایا ووتەبێژەکەى دەسەات و دیندار زەبارى ئاگایارن کە نزخى یەکەى نیشتەجە بوون و زەوى و موڵکدارى لە بادینان بەتایبەتى لە زاخە بەڕژوى سەرو ٢٠٪ دابەزیووە؟ ئایا پرسیارى ئەویان لە خەیان کردووە بە خەڵکى ئەو ناوچانە موڵک و ماڵیان تاڵان فرۆش ئەکەن و ملى ڕەئەگرنە بەر و ئەو سەرمایەى جەنگەکانى ڕوسیاى سپیان پەخشترە لە دوبەیکى دەسەات؟
ئایا ووتەبێژەکەى دەسەات و دیندار زەبارى ئەزانن زیندانى کردنى بەناھەقى شیروان شەروانى و مامەستا بەدڵ بەرواري و ھەموو ئەوانیتر یەکەکن لەو ھەکارانەى کە گەنجان ئومێدیان بە داھاتووى خەیان لە ھەرێمى کوردستان نامێنن.
ئایا ووتەبێژەکەى دەسەات و دیندار زەبارى ئەزانن کە بادینان و زاخە، نە گەرمیان و ھاپەین و ھەڵەبجەى بەراسەوزەکیانە و نە شنگال و قەندیل و ناوچەکانى ژێر کەنترۆڵى "پ.ک.ک"ن دوژمنى دوژمنەکیانە (تورکیا دەستى خەونى شاعیرى پ.د.ک).

نابە ئەوش لەبیر بکرێ کە مرۆڤکان بەردەوام کەچ ئەکەن، خەڵکى ئەسکەندەناڤیا بەرەو ھەتاو "خەر"، خەڵکى ئەوروپاى ڕۆژئاوا بەرەو ژیانێکى کەمەایەتى گەرموگوەتر، خەڵکى ئەوروپاى ڕۆژھەات و بەشێک

لە ئاسیا و ئەمریکای باشور بەرەو ئابوریەکی باشتر، خەڵکی ئەفریقا بەرەو مافەکانی مرۆڤ، خەڵکی هندستان و وڵاتانی چواردەوری بەرەو هەلی کار.
پرسیارێک بە دەسەڵاتدران، ئاخۆ خەلکی هەرەمی کوردستان بەرەو کام لاو بێچ هەکارێک کێچ بکەن، کەش هەکاری کێچی بەڵێشاوە دوای سی ساڵ حوکمڕانی کوردی؟

سامانی وەستا بەکر
٢٠٢١-١١-١٥
سوید-ستۆکهۆڵم

کتێب/ قاوەخانەکەی دوورەدەست..
نووسینی: جۆن ستێنبکی/
وەرگێڕانی: ئدریس مستەفا

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Book_EdrisMustafa_QawaDownload

هاوماناێک لە هەمانی کناچەکانی ئاسمان و چراخانی تەبووخین..
گەران سەباح

بۆ قسەکردن لەسەر هەمانی (کناچەکانی ئاسمان و چراخانی تەبووخین)ی دکتۆر مەهدی ئومێد، تیۆری هەخنەیی وەڵامی خوێنەر بکار دەبەم.
تیۆریستانی وەڵامی خوێنەر دوو باوەڕیان هەیە: ١- نابە هەی

خوێنەر لە تێگەیشتنی ئەدەب فەرامۆش بکرێت؛ ٢- خوێنەر هۆشیارانە و چالاکانە مانا لە دەق هەڵدەهێنجێت (لۆیس، ٢٠١٨).
لە بیرمان نەچێ، هیچ دوو خوێنەرێک هەمان خوێندنەوەیان نییە بە دەقێک. بەپێی تیۆرەکە ئەم فاکتەرانە کار لە وەڵامی خوێنەر دەکەن لە پرۆسەی خوێندنەوەدا: ئاستی هۆشیاری، تەمەن، ئاستی زانیاری، ئەزموون، شوێن، چەشە، کەشوهەوا، کات و پاڵنەر (motive: مەتیف(.
لۆیس تایسەن (٢٠١٨) ئەم تیۆرە هەڵخەڵیە دابەش دەکات بەسەر پێنج لکدا:

1. تیۆری مامەڵەی وەڵامی خوێنەر (Transactional reader-response theory)
2. کاریگەریی ستایل (Affective stylistics)
3. تیۆری وەڵامی خوێنەری سەبجێکتیف (Subjective reader-response theory)
4. تیۆری وەڵامی خوێنەری دەروونی (Psychological reader-response theory).
5. تیۆری وەڵامی خوێنەری کۆمەڵایەتی (Social reader-response theory

با ئەمانە یەک بە یەک لەسەر هەمانی کناچەکانی ئاسمان جەبجە بکەین.
یەکەم: تیۆری مامەڵەی وەڵامی خوێنەر
ئەم تیۆرە ڕاڤەی مامەڵەی نێوان دەق و خوێنەر دەکات. چۆن ئەو مامەڵەیە هوو دەدات؟ کاتە هەمانێک دەخوێنینەوە، پرۆسەی خوێندنەوەکە جووڵێنەرە، خوێنەر بە شێوەی خۆی وەڵامی دەداتەوە. لە کاتی خوێندنەوەدا، هەستکردن، جوانی یادەوەری، وروژاندن، خەدیتنەوە هوو دەدەن (لویس، ٢٠٠٥).
ئەمانە و ئەزموونی خوێنەر کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنی مانا لای خوێنەرەکە.
لە کاتی خوێندنەوەی هەمانی کناچەکاندا، هەموو ئەمانەی سەرەوە لە من هوویان دا. لەبەرئەوەی خەم لە ئەمریکا ژیاوم، هەستم بە پاوانی هەمانەکە، ئەسکەندەر بگرێ، دەکرد. باش لە ئازارەکانی دەگەیشتم. ئازاری بە وەاتی، بە پاسپۆرت، بە ناسنامە، بە پاپشتی، ئازاری گەمەی دەستی زلهێزەکان. با وردبینەوە لەم کورتە دیالۆگەی نێوان ئەسکەندەر و بگدانەق (١٤٤):
بگدانەق: "بە تە کوندەری، وا بە باشی هووسی دەزانی؟"
ئەسکەندەر: "کوردستان."

“ها . . چۆن؟”
“کوردستان.”
“عێراق.”
ئای لێو دیالێگ بۆ ئازارێ. دەیان جار خۆم تووشی ئەم حاڵەتە بووم لە ئەمریکا و ئەوروپا. نووسەر (مەهدی ئومێد) بە یەک هێستە ئەم ئازارەی ئەسکەندەر بە منی خوێنەر دەگوازێتەوە. ئەم هێستەیە بەقەد هەمانکە قوڕسایی هەیە.
“ئەسکەندەر وەڵامی نەدایەوە، بەڵام لەبەرخۆیەوە هەر دەیبەڕاند، نەخێر من عێراقی نیم.”
من وەک خوێنەر خۆم لەم هێستەدا دەبینمەوە، شتم بیر دەخاتەوە، هەستم دەوروژێنێت، گریانم دێ. ئەمەش خاڵێکی بەهێزی گەڕانەوەیە، مادام وا لە خوێنەر دەکات.

دووەم: کاریگەریی ستایل
بۆچی ئەم تیارە، دەقێکی ئەدەبی لە کاتی خوێندنەوەدا لەدایک دەبێت. تا نەیخوێنیەوە، دەقەکە وجودی نییە. دەقەکە هێستە بە هێستە، تەنانەت وشە بە وشە دێتە هاڤکرن تا تێبگەین چۆن ستایل کاریگەری هەیە لەسەر خوێنەر لە پڕۆسەی خوێندنەوەدا (لەیس، ٢٠١٥).
هاوڕام. بۆ کەس ئەم هەمانە نەخوێنێتەوە، تەز بە خەی دەباتەوە. ئەمەی خوێنەر، کاتێ دەیخوێنیەوە، بڕگی دەقی بەبەردا دەکەین.
ستایل لە گەڵانەوە واتە هەڵبژاردنی وشە، هێستە، پەڕگراف، واتە گەمەی زمان و وشەسازی و هێستەسازی. بۆشی یەکەمی هەمانکە، هەرچەندە شانۆئامێز، تامەکی تایبەتی هەیە. سیناریستەک دەتوانێت کاری تێدا بکات، دەکرێ ببێتە فیلمەکی زۆر باش. من وەک خوێنەر لەگەڵ ستایلی هەندێ بۆشی هەمانکەدا نیم، بێزارم دەکەن. دووبارەکردنەوە، جوینەوە، درێژکردنەوە، حیوانەی درێژ درێژ و وێنەی تێدایە. نووسەر خەیشی بۆشی دووەمی کتێبەکەی ناو ناوە “وێنە”. لەم بۆشیدا، گەڵانەوەکە هەواش دەبێتەوە، وەک بۆشی یەکەم چالاک نییە. هەدی هەدی گرێکان دەکرێنەوە.

سێیەم: تیاری وەڵامی خوێنەری سەبجێکتیڤ
دێڤید بلیچ (١٩٧٨) دەڵێ شتەک نییە بە ناوی دەقی ئەدەبی. بۆچی ئەم تیارە، دەقی ئەدەبی بریتییە لە وەڵامی خوێنەر بە دەقەکە. واتە بە خوێنەر دەقی ئەدەبیمان نییە. ئەو دەقەیشی

ڕۆخنەگرێک شی دەکاتەوە وێنامی خوێنەرێ.
بەپێی ئەم لکە تیۆرە، ئەم خوێندنەوەی من لەسەر ڕۆمانەکە دەقیکی ئەدەبییە. با وردی بکەمەوە. ئەم ڕۆمانە بووتە هۆی بەرهەمهێنانی وێنامی من، هەر ئەوەش ئیشی دەقە. ئەم وێنامی من سەنگی مەحەک نییە. دەکرێ هەزاران وێنامی زێر لەوەی من باشتر هەبێ بۆ ئەم ڕۆمانە. دەوڕەمەندیی ئەم ڕۆمانە دەوەستێتە سەر وێنامی خوێنەرەکانی. بۆ هەزار وێنام هەبێت، هەزار مانای جیاوازمان دەبێت، ئەویش جوانیی ڕۆمانەکە.

چوارەم: تیۆری وێنامی خوێنەری دەروونی
ڕۆخنەگری دەروونشیکاری، نۆرمان هۆلاند، پێی وایە مۆتیف (پاڵنەر)ی خوێنەر کاریگەری ئەوتۆی هەیە لەسەر چۆنێتیی خوێندنەوە. هۆلاند (١٩٧٥) دەڵێ لێکدانەوەکانی خوێنەر بە دەقێک خودی خوێنەرەکە ئاشکرا دەکات، نەک دەقەکە. پێی وایە چۆن لایەنی دەروونیمان دەجووڵێ لە ژیانی ڕۆژانەماندا، ئاواش دەجووڵێ کاتێ دەخوێنینەوە.
ڕۆمانی کناچەکانی ئاسمان لەباتی هەموو کورد قسە دەکات، ناخی هەموو کوردێک دەهەژێنێت. ئازارەکانی ئەسکەندەر بەگێک دەمباتەوە ناو ناخی خۆم. ئەوە ئەم ڕۆمانەیە پێناسەی من دەکات کاتێ قسەی لەسەر دەکەم. هەندێ جار هەکم لە ئەسکەندەر دەبێتەوە چونکە زەر شتم بیر دێنێتەوە، ئازارم دەدات. خاڵێکی بەهێزی گێڕانەوە ئەویە خوێنەر تووڕە بکات، دەخێش بکات، هەکی هەڵسێنێت، کەرقی بەزەیی زیاد بکات، سەزی خوێنەر بجوڵێنێت.
ئازارەکانی ئەسکەندەر بەگێک دەروونیی تەکوپێک دەدەن، ناچار پێنا دەباتە بەر فەنتازیا، لەگێڵ کناچە بەفرینەکان گێرانی خوێنکانی دەگێتەوە. لەبەرئەوەی دەرمانێک نییە بۆ ئازارەکانی لە واقیع، هەوو دەکاتە جیهانی فەنتازیا. ئەم جیهانە فەنتازییەی منی خوێنەر دەبا و لەوێ گرێ دەروونییەکانم دەکاتەوە. بۆیە بە وردی بنەڕەتیی ئەم نووسینەم، هەست دەکەی بەشێک لە دەروونی خۆم وەک خوێنەر وادا دەکەم.

پێنجەم: تیۆری وێنامی خوێنەری کۆمەڵایەتی
ستێینلی فیش دەڵێ خوێندنەوەی خوێنەر بە دەق سەرچاوە ناگرێت لە خودی خوێنەر، بەڵکو لە نێو ئەو کۆمەڵگەیە، ئەو ژینگەیە لێی دەژی. ئەو شتانەی وەریدەگرین لە ماڵەوە، لە برادەران، لە بازاڕ، لە

میوانداری، لە قوتابخانە، زانکۆ، پەیمانگە، شوێنی کار، هتد، ئەمانە هەیە لە پەسەی خوێندنەوەی دق.
لایەنی کەمەایەتی لە ژیانی ئەسکەندەر لە ڕووسیا لابەی، ەمانکە قاچکی دەشکەت. نووسەر لە تەک سیاسەت و فەلسەفە و فزایکی فەنتازی، بە ڕووداوی جۆراوجۆر سەرنجی خوێنەر ادەکیشەت. ژینگەی من لە کوردستان مەراقم دەکات بزانم ئەسکەندەر لەگەڵ قەرەجکان چی دەکات لە نەو ەمانکە.
کاتێ دەبینم ئەسکەندەر سەما دەکات، قسە دەکات، چاەاکی دەکات، من وەک خوێنەر بەراوردی دەکەم لەگەڵ ئەو کەمەگەیەی تەیدا دەژیم. شەوازی مامەکردنی لەگەڵ هاوەکانی و دەوروبەری، تەنانەت لە نەو سیاسەتیش، تامکی ناوازە دەدات بە گەانەوەکە.
نابە پەمان سەیر بە، بەو خوێنەری کوردی ازی نەبە بەم ەمانە، یان گلەیی هەبە، چونکە ژینگەی خوێنەری کوردی انەهاتووە بەو فزایەی مەهدی ئومەد دروستی کردووە لە ەمانکە. بەیە پشنیاز دەکەم زەرترین خوێندنەوە بە ئەم ەمانە بکرەت، ئەو کاتە بەهای گەانەوەکە دەبینین.

-_____

سەرچاوەکان

کناچکانی ئاسمان و چراخانی تەبووخین (۲۰۲۱). مەهدی ئومەد. هەولێر.

Fish, Stanley. Surprised by Sin: The Reader in Paradise Lost. New York:St. Martin’s, 1967.

Holland, Norman. Five readers reading. New Haven, CT: Yale, 1975.

Lois Tyson. Critical Theory today. New York: Rouledge, 2015, 2018.

Rosenblatt, Louise. Making Meaning with Texts: Selected .Essays. Portsmouth, NH: Heinemann, 2005

کتێب: خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی.. نووسینی : ئەمجەد شاکەلی

ناوی کتێب : خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی
نووسینی : ئەمجەد شاکەلی
نەخشاندنی بەرگ : زاری
نۆبەتی چاپ : یەکەم
ساڵی چاپ : 2019
چاپ و پەخش و پەداچوونەوە : هاوسانی

بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Book_AmjadShakali_SofigariDownload

رژێمی ئێران و خەدزینەوەی لە دادپەروەری!.. نووسینی: عەبدوڵڕحمان گۆرکی

ژێمی ویلایەتی فەقیهی و موقاومەتی ئێران لەسەر هێڵی دادپەروەری و دادگاکاندا!

یەکێک لە بواڕکانی ووبەووبوونەوە لەنێوان موقاومەتی ئێران و ژێمی دەسەڵاتداری ئێران" دادگا و دادپەروەری"یە. شوێنک یان ئێرگانێک کە یەکێک پێشوازی لێدکات و ئاوی تریان لێی رادکات. چونکە لە گۆڕەپانی "داد" یەکێک هەمیشە "دەاو" و ئاوی تریان "براوە"یە!

لە ئێران دادپەروەری نییە!
لە هەر وڵاتێکدا کە دەموکراسی و شارستانیەت زاڵ بێت، دەسەڵاتی دادوەری کە یەکێکە لە سێ هێزی دەسەڵاتداری وڵات، بە شێوەیەکی

سەربخۆ کاردەکات بۆ ئاوەژووکردنەوەی لایەنگرانی هەر پرسێک، سوود لە "دادپەروەری" وەربگرن و کۆشش و گرفتکانی کۆمەڵگا پرسێکی تەندروستی هەبێت.

لە ئێرانی ئێستادا نەک هەر دەسەڵاتی دادوەریی «سەربخۆ» نییە، بگرە سەرکەوتووی لایەن وەلی فەقیهەوە دەستنیشان دەکرێت. هەر بۆیە دەوترێت هیچ دادپەروەرییەک لە ئێرانی ئێستادا بوونی نییە! هیچ ئازادی و دەموکراسی و دادگەرتنێک لە مافەکانی مرۆڤ بوونی نییە و ئاوەژووی هەیە سەرکوت و گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان و تیرۆر و تاڵان و دزینە و .. هتد.

ئێم ئاستییە لە ماوەی 43 ساڵی ئابردووداو لە ئێران بەردەوامە و هەر بۆیەش دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەریی لە ژێر دەسەڵاتی وەلی فەقیهدا، هەروەک دوو هەزەکەیتر، واتە مەجلیس و دەوڵەت، نەک هەر شەرعییەت و بەواداریان نییە، بگرە بە بەربەاوی جەگەی ئق و کینی جەماوەرە.

"بوونی" موقاومەت و "نەبوونی" دەسەڵاتدار!

لەبەرامبەر ژێمەکی ئاوادا موقاومەتکی جەماوەری و گشتگیر هەیە کە ڕەگ و ریشەی لە ناو قوڵایی کۆمەڵگادایە. بە هاتنە سەرکاری ژێمی ولایەتی فەقیهی و کۆتنە سەرپەی ئینتەرنەت و سەردەمی پەیوەندیەکان، ئێمە بەتە ئووپەکی گشتگیرتر لە هەموو کاتکی تر.

گومان لەوەدا نییە کە ژێمی دەسەڵاتداری ئێران، لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، هەمیشە هەوڵی لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆنکەی داوە. لە ناو ئێران هیستریانە و دەندانە لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆن دەستگیر دەکات و ئەشکەنجە دەدات ئینجا لەسێدارەدان و کوشتار و قەتوعامکردن! لە دەرەوەی ئێرانیش، تیرۆر و تەقینەوە و پیلانکان و لەسەریشی، پارەیکی زۆر خەرج دەکات بۆ بەکارهێنانی دەست و پێوەندکانی و هەروەها بەکرێگیراوەکانی، دژ بە ئۆپۆزسیۆنی ڕژێم کە نموونەکانی هەر زۆر زۆرن و بەسەریدا تێپەیوم. چون شتێک کە ڕوون و ئاشکرا بێت پێویست بە گوزارشت ناکات.

موقاومەتی ئێران پێشوازی لە دادپەروەری دەکات!

لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، ئاوەژوی لە دادگا و داد رادەکات "ڕژێمی ئیران"ە. چون ئاو پێشتر حوکم و دادوەری دادگا دەزانێت بۆیە لەی دەترسێت و هاوەدەدات خۆی لە شوێنی "دادپەروەری" دوور بخاتەوە!

زۆر سەروشتییە لە هەر شوێنێک دەپێکی "دادپەروەری" هەبێت، موقاومەتی ئێران بە خۆشحاییەوە پێشوازی لە دەکات. چونکە لە ژێر دڕووشمی "ئاوەژوی حسابکەی پاکە لە لێپرسینەوەی ترسی نیە"، هەموو

کەسپەکانی لاداوە و پیلانەکانی ڕژێمی ئێران (بە لێبی و سازشکار و کرێگرتەکانییەوە) لە دژایەتی سنووردارکانی ئێرانی، یەک لە دوای یەک تووشی شکست کردووە و ئاوڕی لە جیهاندا تەمار کرد: "سەرکەوتنی دادپەروەری بەسەر سازان و پیلانگێڕاندا، واتە سەرکەوتنی موقاومەت و موجاهیدینی خەڵقی ئێران، سەرکەوتنی گەلی ئێران و هێزە ڕاستەقینەکانی گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بە ڕژێمی دیکتاتۆریی لە ئێران"
موجاهیدینی خەلق (PMOI/MEK) و موقاومەتی ئێران تا ئێستا لە دیان دادگای ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، سویسرا، لەکزامبورگ (دادگای دادی ئەوروپا)، ئیتالیا و ئەڵمانیا، بە خستنە ڕووی دیان هەزار بەڵگە، هەموو تەمەت و هەڵبەستراوەکانی ڕژێمی ئیرانیان پووچەڵ کردوەتەوە و وەامی هەموو پرسیار و تەمەت و درۆ بە بنەماکانی ڕژێم و لایەنگرانی ڕژێمیان داوەتەوە و لە دادگاکاندا (سەرکەوتوو) بوون!

چەند نموونەیەکی دادگاکانی پێوەندیدار بە موقاومەتی ئێرانەوە!
جگە لە چەندین ڕاوتی دادگای ئەوروپی و ئەمریکی، کە هەر هەموویان بە هەی هەڵەمەتی 14 ساڵەی موقاومەتی ئێران بە سەرکایەتیی خاتوو مەریەم ەجەوی، بە سەرکەوتنی موقاومەت و هەڵوەشاندنەوەی (ناتەڕی تیرۆر) لەسەر موجاهیدین و موقاومەت کۆتایی هات، هەنانەوەی چەند نموونەیەکی ئەم ەوبەووبونەوەی موقاومەت بەرامبەر بە ڕژیمی ئێران بە پێویست دەزانم:
لە مانگی ئەیلولی 1990دا، ڕژێمی ئێران و سەرکەماری ئەوکاتی ڕژێم. واتا ەفسەنجانی، سکاەیان لە دەسەاتی دادوەری سویسرا دژی خاتوو (میریام گەزە)، ەڕژنامەنووسی ەڕژنامەی (لاسویس) تەمار کرد. ڕژی 7ی گەلاوێژی ساڵی1991 دادگایەکی سویسری بەیاری دەرکرد لەسەر بەتاوانبوونی ئەم ەڕژنامەنووسە و بەیاری سێ جار شەرمەزارکردنی ڕژێمی خومەینیشی دەرکرد. پێویست بوترێت کە خاتوو گەزە لە اپەرتەکدا، بەشێک لە بروسکەیەکی ەبەری موقاومەتی ئێران بە سەرکەماری سویسرای هەنابوو سبارەت بە ەڕەی ڕژێمی ئەان لە تیرۆرکردنی د.کازم ەجەوی. موقاومەتی ئێران لە هەڵەمەتێکی بەرفراوانی نەودوەتیدا ئەم دادگایەی کردە دیمەنی دادگاییکردنی ڕژێمی خومەینی و سەرکەوت.
لە مانگی تەمووزی ساڵی 2018دا دادگایەکی وەاتی بەلژیک، سزای 20 ساڵ زیندانیکردنی بە دیپلەماتکاری تیرۆریستی ڕژێمی ئێران، (ئاسەدوا ئاسەدی) و تیمە تیرۆریستەکەی دەرکرد، کە بەر لە بەمبانانەویان لە شونی گردبونەوەی موقاومەتی ئێران لە پاریس دەستگیر کرابوون.

لە مانگی ئازاری 2019دا دادگایەکی ویلایەتی هامبورگ فەرمانی بە ڕۆژنامەی (ئشپیگڵ) و لە مانگی حوزەیرانی 2020دا فەرمانی بە ڕۆژنامەی (فرانکفورتەر ئالگمینی) کرد، سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی تەمەت و پروپاگەندای بە بنەمای ژەمەی ئێران دژ بە موقاومەتی ئێران کە پڕپاگەندا و ئیدیعاکانی ڕژەمی ئێران دژ بە موجاهیدینی خەلق لە ڕاپۆرتەکانیان بسەنن.
ژی 23ی ئەیلولی 2021 دادگای فیدراڵی سویسرا داوای کرد لەکەلینەوە لە تیرۆری پرۆفیسەر کازم ڕەجەوی، نەیاری سیاسی ئێرانی، بکرێت وەک تاوانێکی (ژینۆساید) و (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی) و بەو ڕەگەوە، داواکاری گشتیی ناچار کرد دووبارە دەستیەکە بکاتەوە بە لەکەلینەوە. پرۆفیسەر کازم ڕەجەوی لە ڕۆژی 24ی ئاپریلی 1990 لە بەرامبەرکدا لە گەڕاجکی (کوپە)ی نزیک شاری (ژنەڤ) لە لایەن تیرۆریستانی ڕژەمی ئێرانەوە تیرۆر کرا.
ئەستاکەیش یەکێک لە تاوانبارانی ژەم بە ناو (حەمید نوری) لە دادگایەکی سوید بە تەمەتی ژینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە ژێر داداگاییکردندایە و پێش بینی دەکرێت (سزای قورسی) بە دەرچێت.

پیلانی تێواوکەر لە دژی موقاومەت!

ژی 18ی پووشپەڕی 2017، ئاخوند (عەلی فەلاحیان)، وەزیری پێشووی ئیتێاعاتی ئێران کە لە لایەن دەسەڵاتی دادوەریی ئەمانیا و سویسراوە داواکراوە بە هەی (تیرۆریزم)ەوە گوتی: "وەزارەتی ئیتلاعات بە کەردنەوەی زانیاری پێویستی بە پێشش هەیە لە ناوخە و دەرەوەی وڵاتدا. ئەمە ئەفسەرێکی هەواگری نانەرین بە ئەمانیا یان ئەمریکا کە بەڵت من سەر بە وەزارەتی ئیتێاعاتم، پێویستە لە ژێر ناو و پێششی کاری بازرگانی یان ڕۆژنامەگەری ئەمکارانە بکات".
هەر بۆیە ژەمی ئێران لەژێر پەردەی کاری بازرگانی و بە تایبەتی کاری ڕۆژنامەوانیدا، هەوڵی تێواوکردنی پیلانگێڕیە تیرۆریستیەکانی دەدا دژ بە موقاومەتی ئێران. وەک نموونە، ژەم بە ناردنی کرێگرتەکانی خۆی بە دەرەوەی وڵات لە ژێر ناوی "لەکەڵەر و چالاکوانی سیاسی و زیندانی سیاسی پێشوو" و .. هتد (خەڵکانی وەک ئیرەج میسداقی) بە نیازە بزووتنەوەی دادخوازیی خوێنی شەهیدانی قەتوعامکراوی ساڵی 1988 لە ناوەڕک بخات و بەو سەنگەیەوە (بزووتنەوەی دادخوازی)ی موقاومەتی ئێران لە پە بخات و ڕژەمەکەی لەسەر پە ڕابگرێت.
خاڵی هەستیاری ئەم بەرنگاربوونەوە یاساییە لەوەدایە کە ژەمی ئێران دیپلۆمات لە ناو ئەندامانی ئێپزسیەندا بەشایی و لەکترازان دروست بکات و لە قسەکانیاندا بیانوو بدزێتەوە و دژ بە خەیان

بەکاری بهێنێت، یاخود پێنا ببات بەر پێپ گرتن و پاساوهێنانەوە بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە لێپرسینەوە دەرباز بکات. کەوایە پێویستە لە وەرزی لێپرسینەوە لە رژێمی ئێران، ئێندامانی موقاومەت و سەرجەم لایەنگرانی رزگارکردنی ئێران بۆ (وریایی) و (وردی) کار بکەن کە دوو لایەنی دانپێداون بە بەرەوپێشبردنی ئێم پرسەیە.

ئامانج لە پیلانگێڕانی دژ بە موقاومەتی ئێران!

ئەو قەیرانە سەرکییەی لە بەر دەم رژێمی ئێراندایە، قەیرانی لێناوچوونیەتی. هەر بۆیە دوای تێپەڕبوونی چل و چەند ساڵ بەسەر هاتنە سەرکاری، ئێستایشی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوە سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت. وەلی فەقیهی دەسەڵاتدار و سەرکردەکانی ژێم باش ئاگادارن کە هەکاری سەرکی ئێم قەیرانە، هەبوون و خەڵاگریی و ئایندەداریی ئەو موقاومەتەیە کە هیچ کات نەوەستاوە و سازشی کردووە. موقاومەتێکی سەرسەخت و پێداگر کە جارگی لە کەمەگەدا گرتووە و ئێستایش لە ئاستی نەوەتەوەییدا پشتیوانییەکی بەربڵاوی لەدەکریت. هەر بۆیە لەبیکارانی ژێم و دەوڵەتانی سازشکاری ژێرئاوا، سەرەڕای هەوڵەکی زەر، بەڵام شکستیان هێنا لە دروستکردنی بەدیل بۆ ژێم. چونکە تاکە ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینە و دەموکرات، واتا(ئەنجومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران) هەمیشە بوونی هەبووە و هەیە!

کەواتە بە کورتی، ئەوەی ئێم ژێمە لە ماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا بە تێکشکاندنی ئەو موقاومەتە کردوویەتی، لە ڕووی داماوی و لاوازبوونیەوە بووە بەرامبەر بە قەیرانی لێناوچوونیدا، کە ئەگەر یارمەتیدەرانی غەیبی(!) ئێم ژێمە (واتا دەوڵەتانی غەربی!) نەبوایە، ئێستا کەمەگای مرۆڤایەتی هاوچەرخ لە مژ بوو لە چنگ ئێم رژیمە نەجاتی ببوو!

ووبەووبوونەوەی موقاومەتی ئێران بەرامبەر بە ژێمەکی ئاوا و پشتیوانانی ئێم رژیمە، خۆی نیشانەی بەهێزبوون و خەڵاگریی ئەو موقاومەتەیە، کە ئێستا ژێمی ئێرانی بەرەو هەڵدێر بردووە. ئەڵتەرناتیڤەکی دەموکرات، بە لەشکرێک لە (شانەکانی شۆڕش) لە ناوخۆی ئێرانی داگیرکراو و پشتگیرییەکەی نەوەتەوەیی، کە گەڵپانکەی زیاتر لەهەمیشە لەسەر ژێمی دیکتاتۆریی ئیران بەرتەسککردەتەوە.

موقاومەتێک کە نەک هەر لە بواری یاسایی و دادپەروەری، لیستە تیرۆریستییەکان و پیلانگێڕییەکانی تێکدا، بەڵکو بە ئاشکراکردنی پێژە ناوەکی و تیرۆریستییەکانی ژێمی ئێران و خستنەووی پشڵکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، بووەتە تەوەرێکی کەدەنگیی نەودەوڵەتی دژ بە ژێمی ئێران.

لەو بارەیەوە خاتوو مریەم موجاوی، چەندین جار ڕایگەیاندووە"بابەتە سەرکیەکە، لەناوبردنی تاکە ئالترناتیڤی دیموکراتیە لە پەناو مانەوەی ژەمی ئیران. بەڵام موقاومەتی ئێران بە هەموو توانایەوە پیلانی زنجیرەیی دوا سەردەمی ژەمی ئیرانی تێکداوە"(17ی حوزەیرانی 2018).

تایبەتمەندیی بەیاری دادگای سویسەا!

بەیار و دەستەکەی تایبەت بە تیرۆرکردنی (د.کازم موجاوی) لە سویسەا، کوشتاری زیندانیانی سیاسی ساڵی 1988ی بەستووە بە تیرۆری دژبەرانی ژەمی ئێران لە دەرەوەی وڵات و ئەمەیش سەرکەوتنێکی گەورەیە بە بزووتنەوەی دادخوازی. خەسڵەتە دیارەکانی بەیاری دادگای فیدراڵی ئاماژە بەوە دەکەن کە تیرۆری د.کازم موجاوی "لەچوارچێوە و بەردەوامبوونی قەتڵوعامکردنی نزیکەی 30 هەزار زیندانی سیاسی لەساڵی 1988 و ئیعدامە سیستماتیکە زیادەڕۆیەکانی نەیارانی سیاسی ئێنجام دراوە. ئەم سیاسەتە لە لایەن باڵاترین ڕێبەرانی ژەمی ئێرانەوە پەیڕەوی کراوە و بە تایبەتی فەتوا ڕاگەیاندراوەکەی خومەینی جێبەجێی کراوە" دادوەرانی سویسەاش ژینەسایدکردنیان بە سیاسەت و ستراتیژی ژەم ناساندووە.

جیهان هەڵدەستێت بە پشتگیریکردنی خەڵکی ئێران!

دوای ئەوەی خاتوو مریەم موجاوی، بزووتنەوەی دادخوازیی زیندانیانی قەتڵوعامکراوی ڕاگەیاند لە ساڵی 2016، ئێستا کەمپەینی یاسایی موقاومەتی ئێران بووەتە هەمەتەکی نەودەوەتی. چونکە ئەم هەمەتە، داواکارییەکی نەتەوەیی و جەماوەریی خەڵکی ئێران و ئەپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پشتە. ژەمی دەسەڵاتداری ئێران ژەمێکی ناشەرعی و سەدەی ناوەڕاستی و تیرۆریستی و سەرکوتکەرە. دوژمن بە ئازادی و دەموکراسی و مافی مرۆڤ و لەگەڵ کەمەگای مرۆڤایەتیدا ناکۆکە. ئەم ژەمە پێویستی بەسەر کەمەگەی نەودەوەتی و دەبەت بنبە بکرێت.

ئێستا وەرزی لێپرسینەوەیە لە سەرانی ژەمی ئێران. لەم قەناغە ڕێشکێنەدا، کەمپەینی یاسایی موقاومەتی ئێران خاڵکی وەرچەرخانە بەرەو نەهێشتنی ژەمی ئێران و کۆتایی هێنان بە ئازارەکانی خەڵکی ئێران.

ئەمە لە جیهانەدا، کەدەنگیەکی نەودەوەتی بەنرخ، داوا لە کەمیسیاری باڵا و ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بە UN دەکات شاندێکی نەودەوەتی پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە کەمەکوژیەکەی ساڵی 1988. لە مانگی پووشپەڕەی ئەمساڵ، ڕیپۆرتەری تایبەتی یەکخراوی UN لە

بواری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، داوای لەکۆنفرانسێکی سەربەخۆ کرد لەسەر کۆمەڵکوژکردنی زیندانیانی سیاسی و هەڵاتی تاوانبار(ئیبراهیم ڕەئیسی) لەو تاوانە گەورەیدا. لەو بارەیەوە هەڵکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و زیاتر لە 150 داکۆکیکارانی دیاری مافەکانی مرۆڤ، جەختیان لەسەر پێویستی پێکهێنانی شاندێک کردەوە.

داواکانی موقاومەتی ئێران لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی!

خاتوو مریەم ڕەجەوی، بەناوی موقاومەتی خەڵکی ئێرانەوە، چەندین جار ڕایگەیاندووە کە،"پێویستە هێزەکانی ڕژێمی ئێران بە هەی (ژینەساید) و (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی) بخرێنە بەردەم دادگا" هەروەها وتیشیان: "داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیاری باڵا و ئەنجومەنی مافی مرۆڤ و ڕیپۆرتێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەڵکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کە زیندانەکانی ژێرەمی ئێران بسەر بکەنەوە و چاویان بکەوێت بە زیندانیانی سیاسی و دەسیەی پشڵکاریە ترسناکەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەتایبەتی دەسیەی مامۆستای هەسوکەوتی کاربەدەستانی ژێرەم لە ناو زیندانەکان و بەتایبەتیش ئازار و ئشکەنجەی زیندانیانی ژن، بەرز بکرێتەوە بە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە یوئێن".

دواوتە!

موقاومەتی ئێران پێی وایە لە هەر شوێنک (دەوپک یاسا) و کەمک (دادپەروەری) و (مرۆڤایەتی) هەبێت و لە هەر دادگایەکدا، بەک داد و یاسا سەروەر بێت، بە گومان موجاهیدین و موقاومەتی ئێران سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. ئێستا بەهەی خەباگری و وریایی موقاومەتی ئێران، وەرزکی لەپرسینەوە لە ڕژێمی ئێران دەستی پیکردووە و دەسیەی تاوان و تاڵانکارییەکانی ئەم ڕژێمە یەک لە دوای یەک بەرەو کرانەوە دەچن. هیچ کام لەم سەرکەوتنە یاساییانە بە هەکەوت بەدەست نەهاتوون. هەریەکەیان بە دەریایەک خوێنی شەهیدان و ئازار و ئشکەنجەی زیندانیان و تکۆشانی بوچانی دادخوازانی خەڵکی ئێران بەدەست هاتووە.

نووسینی عەبدوڵڕحمان گەورکی، نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی

وەسیەت دوای هەموو شتێك.. سەباح هەنجەر

فریشتەیەکی توند تەونی هەموو ژیانی بێ چنیم
ڕووەو من سینگی گەرم کرد و مەودا بە کۆچی وشە دەپڕوم
کوێە نەبەرەکەم شیعر لە جەنگی چوارناڵەدا بە ڕەگای نیشتەجێبوون دەمە ماڵت
گوناهێکی گەورەیە دەست لە ئاسك بدەیت و ببێتە خۆ
باڵ ماون لە زەوی بخشێن و لە ناوچەوانی ماندوومان بپرسن
ئەوە چیت لێ هاتووە
شارێکیش لە پێویستییەکی هەنیەیی تەزوو لە هەناوی دەسووتێ
هەتاوی لاوی لە پشت بئاڵێنم و درەختی یەکەمی بە دەوردا بڕوێنم
ئەوانەی دوای شۆنپێ کەوتوون
بە زەردەخەنەوە بەخێرهاتنیان بکات و بە لاوی بەهێز ماچی بکەن
بەرەو ڕوخساری لە نەرمونیانی ئەستێرە چنراو هەنگاو گەرم دەکەن
ڕۆح سەرچاوە دەناسێ و دەزانێت دنیایی چییە
خەونێکی بەهێزە

لەوانەی بەدگێیان بەرانبەر کرا زۆریانم ناسی و بوونە ئانوساتی سپێدە لە ڕوخساری مندا
سەردەستی کراسم هەڵدەمەوە و سەیری گوێی بێباکی دەکەم هەوای دەوروبەرم پێ دەبێ لە لێدانی دڵ تەواوی قسەی دڵی خۆمی پێ دەڵێم و بە قسەی دڵ دەگەم
ئەگەر شێر بمخوا
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی لێ دەدا
ناسینەوەی هێلانەی بەرزی بەچکە نەڕێشتوو ئاسانە
ئەگەریش چەقەڵی خۆڕاویش بمخوات
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی خاو دەبێتەوە
چاو لە شۆنی نامێدا
وزەی هەوانبڕی وەردەگرێ و جیهان لەسەر شانی ئەم ناخاتە جێگای ئەو
مەیسووڕێنە
هەزارویەك سووڕی ژیان لە سادەیی دوانت دەخەمڕێن و دەردەکەون
هەوێنی دڵ بگرەوە و جریوە و جووکەی دڵ ئاوازێکی درژخایەنە

گەڕەکی قسەنەستەق داوات لێ دەکا بچیتە ناوی و چەتری هەڵدەی
شکۆی سروشت بخەیتە پاڵ یەك
نالی و
گۆران و
ئەنوەر قادر محەمەد
خەونی نێبەرن لە گیانە بەهێزەکان ئسکاون
هەموو شتێکیان بینی بیانکوژەێ
شەو و ڕۆژ وەك یەکیان لێ دێ
لێکەت نەخستووەتە گەرووی گۆرانیبێژی حاڵزانەوە
شاعیری
سیسرکەی ئاودەستخانە و
فەرهەنگ هەڵوەشاوە و
کلکی قەلەڕەش و
هەواڵدەری ئەشکەوتی دێندان
لە کاتی کێنووشدا وشەکانی چەپڵك لە سەریان درا و منداڵدانیان کەوت
پاشان پاداشتەکانی وەك بەردی مردە و ئەسپێی تێرخوێن بەسەر یەکەوە ژمارد

دووبارە سەیری گوێی بێباکی دەکەمەوە
خاوەنی ماڵێکی گەورەیە
بەرهەیوانی کتێبێکە بە ئاگایی کات دەڕەکانی تێمار دەکا
زەوی لە شیعر لە دایك بوو

گەرمایی پەڕە خوێنراوەکان بەسەر سەرمەوەن
تاسەی خودا دادەبەزێننە سەر زەوی
نزیك شاری تازە دروستکراو ڕوخساری بووە کێگەی گەردوونیی
ڕۆژە لێڵ و شەڕاوەکانی باش کردین چاوی ڕەشەبای تێدا هەڵناکا و
بازاڕی کۆیلەفرۆشانی لێ نییە
گای پەرکەمگرتووش لە جێی کەڵەباب ناخوێنێ

خانەخوێی ڕووناکی داوای پێوانەی هێزی چاوی سەمەندەری لێ کردم
کوا

خانەخۆی ڕووناکی داوای لێ کردم کلیل لە ماڵەکەی بسووڕێنم
کوا
خانەخۆی ڕووناکی ئاگاداری کردمەوە لە چاوتروکانێکی ناکاو ئاسك
بە درەوشاوەیی دەبینم
کوا
خانەخۆی ڕووناکی فەرمووی پشووی تاهەتایی لێ کردم
کوا
بڕوانە کوا دەردەکەوێ و ئادەپەڕێ
ئەفسانەیەك لەبارەی پەیامبەری و پێشبینی دەگەڕێتەوە
زەوی لەخۆبایی نەبووە

ئاداری 2021 هەولێر